دریدا
رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی

و:عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

پێشەکی

(1)

هەڵوەشانەگەریو پۆست مۆدێرنە, هەر لە میانی بە دواداچوونی جیاوازیو ناودژییەکانەوە, ئەرزش بۆ بە پەراوێزکراوو دوورخراوەو چەپێنراوەکان دەگەڕێنێتەوە, وەك چۆن هەڵگری ستراتیژییەتێکی هەمەکییە, بە هەمان شێوەش لە رێگەی لۆژیكو زمان, پرسیار لە چەمکە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی خۆرئاوایی دەکاتو دوالیزمەکان هەڵدەوەشێنێتەوە. هەر لەساڵی (1980) هەڵوەشانەوەگەری وەك پرۆژەیەکی تیۆری تەواوی بوارە زانستییەکانی گرتەوە, سەرەڕای بواری فەلسەفەو ئەدەبو شیکردنەوەی دەروونی, لە بواری هونەرو بیناسازیدا کۆڵەکە جێگرو بێ جوڵەکانی نەخشەی

كـۆنی خستـه جولّـەو جێگیربـوونی لـه بنەڕەتـەوه هەڵتەكانـدو كۆمـەڵێك ریشـەو بونیـادی نارێـكو ئـاڵۆزو پـڕ رەهەنـدی لـه شـوێنی دانـا, هـەروەك كۆمـەڵێك گۆشەو ناودژیو رەهەندی جۆراو جـۆری بەرجەستەكرد, كـه دواجـار ئـەو تـاودژیو رەهەنـدو گۆشـانه وەك مەسـافەو هێزێكـی پـڕ مانـاو ئیستێتیكی بەرز دەركـەوتن, هـەر لـه رێگـەی ئـەو ناودژیو جیاوازییانـەوه بـەردەوام نەخشـەی دیكـەی بەرهەم دەهێنایەوه.

(2)

لۆگۆسـێنتراليزم یەكێكـه لـەو شـانازییانەی كـه ئـەوروپا نـازی پێـوه دەكـات, دیـاره لـه پشـت ئـەو سـێنتراليزمانەوه كۆمـەڵێك بیریـارو فەلسـەفەكار وەستاون, لەوانەش دیكارتو گوتەزاكـەی بـه زەقـی دەردەكەون, بۆیه (من بیر دەكەمـەوه, كەواتـه مـن

هـەم) لـە لای دریـداو بـیری پۆسـت مۆدێرنـەوە دەخرێتە بەر راڤەکردنو لێکدانەوەی جیاوازەوە.

دیکارت لە نێوان (من)و (بیرکردنەوە) هـەژموونی ئـەوروپا بـە سـەر تـەواوی جیهانـدا دەبینـێ, منـی دیکارتی هەڵگری مێژووی ئەوروپایەو تـەعبیر لـەو سێنتەرە دەکـات, کـە ئـەوروپا بـەردەوام خـۆی تیـا دەبینێتەوە, منی دیکارتی منێکـی بـەرزو مەزنـە, لە نێوان بیرکردنەوەی دیکارتو من بە هیچ جۆرێك بۆشاییو دەرفەتێك بۆ منو بیرکردنـەوەی یـەکێکی دیکە بەدی ناکرێ, ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات کە فیکـر لای دیکـارت تایبـەت بـەو منەوەیـەو, هـەر خودی ئەو منەش دەبێتە سەرچاوەی بیرکردنەوە, بەو مانایەش جگە لە (من) کەسـێکی دیکـەی جیـاواز توانای بیرکردنەوەی نییە, جگە لە ئەوروپا فیکر لـە هیچ شوێنێکی دیکە نادۆزرێتەوە, هـەروەها بەشـی

دووەمی گوتەزاکەی تەئکید کردنە لە سێنتەر, بێ ئەوەی ئەو منە هیچ کەفالەتێك بەڕەوا ببینێ, واتە ئەوەی کە دەیبینێ بەراستی بە خودی شتەکەی دادەنێ, لێرەدا سێنتەر دەبێتە ئەو ئاوێنەو بیرکردنەوە تیایە رەنگدەداتەوە, تەعبیر لە حەقیقەت‌و ئەسڵچی بیرکردنەوە دەکات, بەو مانایەش پرسیار لە هەبوون نییە, بەڵکو سێنتەر کە بیر دەکاتەوە (بیرکردنەوەش بۆخۆی ئەسڵ‌و جەوهەری سێنتەرە) بوون دەچەسپێنێ, لە بەر ئەوەی ئەوە (من/سێنتەر)ە بیر دەکاتەوە, کەواتە بێ هیچ دوودڵی‌و نیگەرانی‌و گومانێك (بوون) دەبێتە راستییەکی حاشا هەڵنەگر, من بیر دەکەمەوە, کەواتە بە هێزی مێژوو, بە هێزی ئەسڵ‌و جەوهەر, من هەم, کەواتە بە کەفالەتی سێنتەر بوونم حاشا هەڵنەگرە.

(من بیر دەکەمەوە, کەواتە من هەم) گوتەزایەکە فیکر تەنها بە لایەقی خۆی دەزانێ, خۆی ئەسڵو جەوهەری بیرکردنەوەیە, فیکری هێناوەتە ئاراوە, بەو مانایەش ئێمە, ئەوان ئێوە, تۆ, ئەویدی توانای بیرکردنەوەیان تیا بەدی ناکری, ئەگەر بیریش بکەنەوە, هیچ سەرچاوەو ئاوێنەیەکیان بۆ راستی بیرکردنەوەکەیان دەست ناکەوێ, خاوەنی‌مێژووی بیرکردنەوە نین, ناتوانن حەقیقەتی بیرکردنەوە بچنەسپێنن.

دیکارت حەقیقەتی بیرکردنەوەو جەوهەری بیرکردنەوە بۆسێنتەرو منی ئەوروپی دەگەڕێنێتەوە. لێرەوە دریدا پرسیارەکانی خۆی لەلۆگۆسێنترالیزم دەکاتو بە دوای بیرکردنەوەی ئەوروپیو دڵنیابوونی ئەوروپیدا دەچێ, پرسیار لەو منە دەکات, کە هەر تەنها خۆی بە جەوهەرو حەقیقەتی

شتەکان دەزانێ, دریداو تەواوی هەڵگرانی بیری پۆست مۆدێرن ئەو منە دەخەنە نێو گومانو هەموو چەقە بنبەستووەکان بە جێگیرنەبوو دەدەنە قەڵەم, کۆمەڵێك رەهەندو بیرکردنەوەی جیاوازو چەقی پڕ بزاڤ و جێگیرنەبوو دەخەنە شوێنییەوە, هەر لە رێگەی ئەو بزاڤ و جێگیرنەبوونو جیاوازییانەوە بنەمای سێنترالیزم هەڵدەوەشێننەوە.

(3)

لە نووسینەکانی فەیلەسوفی رۆشنگەر(رۆسۆ) سروشت دەکەوێتە پێش رۆشنبیرییەوە ئەوەش راستەخۆ تەعبیر لەوە دەکات کە یاسای سروشتی لە نێو دڵدا نەخشەی بۆ کێشراوە, یان بە مانایەکی دیکە پەیوەستی نێوان دەنگو دەروون دەگەیەنێ, لێرەوە سروشت دەبێتە هەڵگری دەنگ, ئەو دەنگ و ئاخافتنەش لە نیو دڵ و دەروونی مرۆڤدایە,

لەنێوان رۆحی مرۆڤ نەخشەکانی خۆی دارِشتووە, ئەو نەخشەیەیکە سروشت کیشاوییەتی لە ناوەوەی مرۆڤدایە دەنگێکە لە خواوە سەرچاوە دەگرێ, ئاراستەی هەست ونەستی مرۆڤ دەکرێ, ئەو دەنگە لە ناوەوەی مرۆڤ دەخرێتە روو, دەنگی خوایە, هەر بە و مانایەش سروشت لای رۆسۆ پێش رۆشنبیریی دەکەوێ, چونکە ئەگەر ررۆشنببیریی داهێنراوی مرۆڤ بێ, ئەوە سروشت داهێنراوی خوایەو هەڵگری دەنگی خوایەو پیش رۆشنبیریی دەکەوێ, لە نێوان سروشت و رۆشنبیریی, لە نێوان خوا و مرۆڤ , دەگەینە دوالیزمیەتی (رۆح/ جەستە), کەواتە کە رۆسۆ سروشت پێش رۆشنبیریی دەخات, دەیەوێ بڵێ رۆح پیش جەستە دەکەوێ, دەیەوێ بڵێ سروشت هوشیارکردنەوەی رۆح دەگەیەنێ و جەستە شەهوەت دەبزوینێ, بەڵام ئەگەر سەیری هەر دوو

زاراوەی(رۆشنبیریی/سروشت)(سروشت/رۆشنبیری)بکە, بۆمان دەردەکەوێت, کە یەك لایەنە نییە, یەك ئاراستەی نییە, وەك چۆن رۆسۆ لێی حاڵی بووە, ئەوەش هەرگیز بەومانایە نییە, کە سروشت بە بەرهەمی رۆشنبیریی لە قەڵەم بدەن, بەڵکو بە پلەی یەکەم دەلالەت لە هەڵوەشانەوەی ئەو دووالیزمە دەکات, چونکە هیچ دەقو گوتارێ لە دنیادا نییە, ناودژیو جیاوازی لە خۆدا هەڵنەگرتبێ, کاری دریداش بەرجەستەکردنی ئەو ناودژیو جیاوازییانەیە, خودی ئەو ناودژیو جیاوازییانەش لە رێگەی خوێندنەوەو راڤەکردن دەردەکەوێ, بەو مانایەش دریدا دەیەوێ هەر لە ناوەوەدا بە هۆی بەرجەستەکردنی جیاوازیو ناودژییەکانی ناوەوە هەڵوەشانەوە ئەنجام بداتو بونیادنانەوە دابمەزرێنێ.

(4)

ئامـانجی شـیکردنەوەی هەڵوەشـانەوەگەری دووبـارە بونیادنانەوەیـە, نـەك وێرانكـردن‌و رووخـان, بـەڵام بونیادنانەوە لـە سـەر رابـردوو نـا, بـەڵکو لـە سـەر ناودژی‌و جیـاوازی, ئـەوەش بـە دیوێـك تـەعبیر لـە هەڵوەشانەوە دەكات, بە دیوێكی دیکـە گەڕانـەوەی ئەرزشـــە بـــۆ چـــەپێنراوو قســـەلێنەکراو بـــە پەراوێزکراو...هتد.

ئەوەی کە زێـتر هەڵوەشـانەوەگەری سـەرقاڵ کـردووە مەســـەلەی ئاخافتنـــە یـــان فۆنۆســـێنتراليزم, وەك دەزانین هەر لە ئەفلاتوونەوە ئاخـافتن (دەنـگ) وەك وێنەیەکی بنەڕەتی‌و بەرایی تەماشا دەکرێ, چونکە راســتەوخۆ مەبەســت‌و بیرکردنــەوەی قســەکەر بــە شێوەیەکی ئامادە لە کاتی قسـەکردندا دەگەیـەنێ, کەواتـە ئـەو وێنەیـە راسـتەوخۆ تـەعبیر لـە عـەقڵی

قسەکەر دەکات, بەڵام خودی ئەو وێنەیە لە نووسین دوورە, یان بە مانایەکی دیکە لە نووسیندا قابیلی بەدحاڵی بوونەو لە دانەر, یان قسەکەر ونە.
لای دریدا نووسین بە هیچ شێوەیەك ملکەچی ئاخافتن نییە, یان پاشەبەندی ئاخافتن نییە, (وەك رۆسۆ بۆی دەچێ), بە هیچ شێوەیەك دووالیزمو بەدوایەکداهاتووی ئاخافتن نییە, بەڵام نابێ وا تەماشای ئەو بیرکردنەوەیە بکەین, وەك ئەوە پێچەوانەکردنەوەی بۆچوونەکانی (سوسێر) بێ, بەڵکو راستەوخۆ کار کردنە لەو دووالیزمانەی کە سوسێر دەیخاتەوە, بەڵام ئەوەی کە هەر دوو بۆچوون لەیەك نزیکدەکاتەوە, ئەوەیەکە سوسێر لە بنەڕەتدا زمان وەکو سیستەمی جیاوازییەکان دەبینێو پێیوایە تەواوی زمان لە سەر هاوپەیوەندی وەستاوە, بە دیویێکی دیکەش زمان لە هەردوو

ئاستی دالو مەدلولـدا لـە تـۆڕێكی پـڕ جیـاوازی پێكهاتووە, بەڵام خودی ئەو جیاوازییـە لـە ئاسـتی ڕێزمانو گرایمەریش ڕۆڵی خۆی هەیە, سوسێر ئـەوە بە (تەزامنی) (تەعاقبی) وەسف دەكات, ئـەو دوو تـــەوەرە جیـــاوازی لـــە بەرهـــەمهێنانی مانـــادا دەسازێنن, ڕاستە دریدا كاری لە سەر ئـەو زاراوەیـە كردووە بەڵام ئەو پێیوایە نەك هەر لە زمـان بـەڵكو لـە نـاخی هـەموو شـتێكی بەرواڵـەت سـەربەخۆو ئامـادەدا ئـەو جیاوازییـە وجـودی هەیـە, هـەروەها دریدا نووسین بە كردارێك دادەنـی كـە دژی دەربـڕین دەكەوێتەوە, نائامادەیی دەنگ دەنوێنێ, بەڵام ئـەو جیاوازییەی كە دریدا تەئكیدی لێدەكاتەوە بریتییـە لـە جیـاوازی نێـوان ئامـادەو ونبـوو, هـەروەها جیاوازییەكی دیكەی نێوان سوسێرو دریـدا ئەوەیـە كە سوسێر تەنها پرۆسـەی جیـاوازیبوون بەرجەسـتە

دەكـات, بـەلاّم لای دریـدا دوو پرۆسـەی جیـاوازیو دواخســتن لــە ئارادایــە, دەشــێ بــۆ ئــەو بــە دواخستنە(رۆلان بارت) بە بیر خۆمـان بهێنینـەوە, بـەو مانایـەش هـیچ دەقێـك هـەڵگری یـەك مانـای نەگۆڕ نییە, بەڵكو هەڵگری مانای گـۆڕاوە ئـەوەش راستەوخۆ بە خوێنـەرو سـاتی خوێندنـەوەو ئاسـتی خوێندنەوەو خوێنەر دەلكێ, كەواتە دەق لـە كـاتی خوێندنــەوە كۆمــەڵێك مانــا بەرجەســتە دەكــاتو كۆمـەڵێكیش بەدوا دەخات.

بێگومان تەئكید كردنی سوسێر لە بنەمای دەنـگ هەر تەنها مەسەلەیەكی زمانەوانی نییە, بەڵكو لـە پشت ئەو بنەمایەوە بیركردنەوەیـەكی میتـافیزیكی ئامادەیی هەیە, ئەو میتافیزیكە دریـدا نـاوی نـاوە میتافیزیكـــای ئامـــادە, لـــە تـــوێی ئـــەو میتافیزیكایەدا دەنگ ئەو وێنـە میسـالییەیە, كـە

جۆرێـك لـه دڵنیـایی لـهخۆدا هـهڵگرتووه, ئـهو دڵنیاییه راستهوخۆ بهرۆحهوه پهیوهسـتهو لهوێشـهوه بهرهو خواو ئایینو پیرۆزی دهبێتهوه,

بـهڵام دریـدا وهزیفـهی وشـهی دهربـڕاو بـه ئامـاژهی زمانهوانییهوه دهلکێنێ, وشهی دهربڕاو له ناوکۆیی جۆراوجۆردا خۆی دووبـاره دهکاتـهوه, بـه مانایـهش وشهی دهربڕاو دهکهوێته دهرهوهی قسهکهرهوه, دریـدا پێیوایه کاتێ که ئاخافتن پێش نووسین دهخرێ, لهو کاتهدا مانا دهشێوێنرێو له بنهڕهتدا به شێوهیهکی بابهتیانــه دهبێتــه هــهڵگری کۆمــهڵێك پــۆلینی جیاواز, ئهوهش له زمانێکـهوه بـۆ زمـانێکی دیکـه دهگۆڕێ, به دیوێکی دیکهش دریدا پێیوایه مانـای زمانـهوانی بـه هـۆی یارییـه جیاوازییـهکانی نێـوان وشـهکان نهخشـهی بـۆ دهکێشـرێ, ئـهو یارییانـهش سـنورێکی دیـاریکراوو کۆتایـداریان نییـه, بـه

مانایەش جیاوازیلا یارییەکان بە هۆی فیکری ئەسڵیو نیازی پێشو یان نیازێك لە دەرەوەی زمان دیاری ناکرێ, بەڵکو لە ناوەوەو بە هۆی ناودژیو جیاوازیەکانەوە بەرجەستە دەبێ.

لە فەلسەفەی خۆرئاوادا زۆر جار ئاخافتن پشت بە نموونەو خواستن دەبەستێ, خودی نموونەو خواستنیش بە نووسینەوە بەندن, ئامانجە ئەوەش ئاخافتن وەك وێنەی نووسین وەسف دەکات, بەو مانایە نووسین بە شێوەیەکی راشکاوانە خۆی لە نێو ئاخافتندا هەڵدەگرێتەوە, لەو حاڵەتەدا ئاخافتن بە نیسبەت نووسین لاوەکی دەکەوێتەوە, ئەوەش هەرگیز بەو مانایە نییە, کە نووسین پێش ئاخافتن بخەین بەڵکو بەو مانایەیە کە لە نێوان ئاخافتنو نووسین ناودژیو جیاوازی لە ئارادایە, وەك چۆن هەر لە رێگەی جیاوازیشەوەی دریدا لە یەکییام

نزيك دەكاتەوە, هەر لە ميانى ليٚكنزيكردنەوەشيان هەر دوو زاراوەكە بە يەكەوە دادەنىٚ, بەو مانايە ئاخافتنو نووسين دەبنە دارِشتن بۆ خودى نووسينى ئەسلّى, نەك تەعميم كردن.

زمان بۆ خۆى سيٚنتەرى نواندنە, بەلاّم كاتيٚك كە ئاخافتن پيٚش نووسين دەخرىٚ, لەو كاتەدا ويٚنەى مانا دەشلّەژىٚ, لە رۆشنبيريى خۆرئاوادا دريدا جياوازى لە نيٚوان ئاخافتن نووسين بە گردبوونەوە بە دەورى زماندا وەسف دەكات, گردبوونەوە بە دەورى زمان يان فۆنۆسيٚنتراليزم وامان ليٚدەكات كە ئاماژە زمانەوانييەكان لە ريٚگەى ئەو دياردانەوە چارەسەر بكەين كە نويٚنەرايەتيان دەكەن.

(5)

كەواتە نووسين نە دەرچوونە لە سيستەمى باوكايەتى, نە دەرچوونە لە سيستەمى دايكايەتى,

بەڵكو نووسین گەمەی دالەكانە, هەروەها بۆ وێنـەی جەستە ناگەڕێتەوە , بەڵكو بۆخۆی جەسـتەیەو چـێژ لە خۆپیتێنی خۆی وەردەگرێت, لە نـاوكۆیی خـۆی خۆی بەرهەم دەهێنێ, نووسین گەمـەیە, لـە رێگـەی ئـەو گەمـەیـەوە جیاوازییـەكان دەردەكـەون, ئـەوەش لەلایەك خۆشەویستی دەگەیەنێت بـەو مانایـەی كـە ئـارەزووی ئەویدیكـە دەكـات, لەلایـەكی دیكـەش دووبارەكردنەوە, یان بە مانایـەكی دیكـە رێگەدانـە بە ناودژییەكان تاكو خۆیان دووبـارە بكەنـەوە, یـان درێژە بە یارییەكان بدەن.

(6)

كاتێـك قسـە لـە چـێژبردنی نووسـین دەكـەین, بەومانایـە نییـە, كـە هـەڵگری ئامـانجو ئاراسـتەی دریاریكراو, یـان جولـەكان لـەو رێگەیـەوە بـە كـار بخات, هەر وەك بەو مانایەش نییـە, كـە بـۆ خـودی

کارای خـۆی بگەڕێتـەوە, بـەڵکو بـەو مـانایەیـە کـە هەمـوو سنوورەکان دەبەزێنێ‌و هەوڵدەدا لە ڕێگـەی دواخســتنەوە شــتێکی دیکــە دابهێنـــێ‌و تــەواوی نیازەکان تەجاوز بکات‌و لە هەڵچوونەوە گەمـەکانی خۆی دابمەزرێنێ, لەوەی کە بەردەوام لە کرانەوەیـەك بــۆ کرانەوەیــەکی دیکــەو لــە جیاوازییــەك بــۆ جیاوازییەکی دیکی جولە دەکات, ئەگەر لە میانی ئـەو وازییـەدا چـێژ بـڕژێ, ئـەوە لـە ئـارەزووکردنی ئەویدیکەوە خۆشەویسـتی پراکتیـزە دەبـێ, ئـەوەش هەر تەنها گەڕانەوە ئەرزش نییە بـۆ ئەویدیکـەی بـە پـەراوێزکراوو کپکـراو, بـەڵکو لـە هـەمان کاتـدا وەدواخستنی شوناسیشە.

لێرەدا دەتوانین بڵـێن نووسـین دەرچـوون نییـە, لـە سیســــــتەمی باوکایـــــەتی (ئـــــەفلاتووت)و

دایکایەتی(رۆسۆ) بەڵکو تەعبیرکردنە لە گەمەی داڵەکان لە ئاسۆیەکی ئازادو کراوەدا,

(7)

دریدا دەڵێ هەڵوەشانەوە نەشیکردنەوەیە نە رەخنە, نە میتۆدو کارو کردارە... شیکردنەوە نییە, چونکە هەڵوەشاندنەوەی توخمەکانی بونیاد نییە, تاکو بگەینە توخمە سادەکان, یان تاکو بگەینە ئەسڵێك کە قابیلی هیچ چارەسەرکردنێکی دیکە نییە, هەروەك رەخنەش نییە, نە بە مانا (کانت)ییەکەو نە بە مانا گشتیەکە, چونکە هەرگیز نایەوی حوکم دەربکات یان شتەکان دیاری بکاتو سنوورەکانیان رەنگ بکات, هەروەها میتۆدیش نییە, چونکە ناشێ بۆ ئامرازەکانی میتۆدو کورت بکرێتەوە, یان بەرەو کۆمەڵێك یاساو ریسا پراکتیزەکردن هەنگاو بنێ, کە قابیلی گواستنەوە بێ, دواجار

کارو کرداریش نییه, چونکه بەشێك لـه سـلبیاتی لـەخۆدا هـەڵگرتووە, یـان بـە مانایـەکی دیکـە هەڵچـوونە, ئـەو هەڵچـوونەش سـلبیاتی نـاوبراو بەرجەستە دەکات.

کەواتە نووسین ئەگەر بتوانین چەمکی (پێکـەنین)ی بـۆ لـە (بـاختین) بخـوازین, دەشـێ پێکـەنین بـێ, پێکـەنین بـە (مـن, عـەقڵ, ئەسـڵ, سروشـت, دەنگ...هتد) لێرەوە لە رێگـەی پێکەنینـەوە وازیو یاری وشەکانو ناودژییەکانو ئاماژەکان تەعبیر لـە ئازادیو کرانەوەو قبولکردنی ئەویدیکە دەکەن.

نووسـین پێکەنینینـە بـە مانایـەی کـە تـوانی لۆگۆسـێنترالیزمو فۆنۆسـێنترالیزم لـەو شـوێنە بەرزەوە بە پێکەنین بخاتو رووتیان بکاتەوە, کاتێك کە دەڵـێین نووسـین پێکەنینینـە بـەو مانایەیـە کـە ئەویدیکەی جیاوازو کپکراوو وسبەلێکراو لە تـرس

ئـازاد دەكـات, كاتێـك ئەويديكـە لـە تـرس ئـازاد دەبێ, ئيتر پێويستی بە هيچ خواوەندێك نامێنێ.

وەرگێڕ

2005

هەولێر/مانگی ئادار

ستراتیژییەتی جیاوازی لای دریدا

دریدا مرد ، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەنەخۆشیەکی کوشندە تلایەوە، بەلاّم لەدوای خۆی ڕستێك دانراوو تێزی جێ هێشت، لەبواری فەلسەفەو ئەدەب و فیکر و سیاسەتدا کۆمەڵێك کەسی بەو دانراوانە سەرقاڵ کرد ، هەروەها بەدرێژایی ژیانی کاری لە هەڵوەشاندنەوە و لێکترازانی هەندێ بونیادی تیۆری و چەمك و تیۆرە فەلسەفیەکاندا کرد ، ئەو فەلسەفانەی کە بەدرێژایی

مێژووی فەلسەفە خۆیان بە قوڵی لەنێو زەمەندا چەسپاندبوو.

جاك دریدا سەر بە كۆمەڵێك لە فەیلەسوفانی فەرەنسایە كە بەناوی فەلسەفەی جیاوازییەوە دەناسرێن و فیكری جیاوازی و ئەویدیكەیان هێناوەتە ئاراوە، پرۆسیسەی جیاوازی و ئەویدیكە دەكەن، لەوانەش میشیل فۆكۆ، جیل دولوز، جۆرج باتای، فیلكس گاتاری، كلۆسۆفسكی، مۆریس بلانشۆ، ئەوانیدیكە.

هەموو ئەو فەیلەسوفانە لە فەلسەفەكانیاندا تەواو لەگەڵ مەزهەبە فەلسەفییە میتافیزیكیەكانی پێشوو، چ ماددی بێ، یان میسالی، جیا دەبنەوەو داوای كەشف كردنی ئەوە دەكەن كە (وس بەی) لێدەكرێ و گوێ لەو دەنگانە دەگرن كە دەنگیان

نابیسرێ، هەروەها ئەرزش بۆ پەراوێزکراوو دوور و لەبیرکراوان دادەنێن.

لۆژیکی فەیلەسوفانی جیاوازی دەرچوونە لەو ڕێگە بنەستووەی کە فەلسەفە بەهۆی پابەستبوونی بە حیکایەتە گەورەکان و مانای مێژوو و نیازی مێژوو پێی گەیشتوون، بۆیە هەر دەبێ ئەو فەلسەفە بنەستبووە لەڕێگەی لێکترازانی پێکهاتەکانی و دارزانی بونیادە پتەوەکانی هەڵوەشێتەوە، هەروەها دەبێ هەموو ئەوانەی لەجۆراوجۆرییەوە بەرەو یەکێتی و یەکبوون دەچن, هەڵبوەشێتەوە.

ماهیەتی زمان

فەیلەسوفانی جیاوازی لۆژیکی سێنترالیزم و پێناسەو دەمەتەقێ و هاوچەشنی دەخەنە بەر ڕەخنە، جیاوازی وەك لۆژیك و پانتاییەکی نوێ بەرجەستە دەکەن، بۆ ئەوەش ناگەڕێنەوە کە فەلسەفە لە خود و

لۆژیکی میتافیزیکیدا خۆی پراکتیزه بکات، یان لەتوێی سێنترالیزم و گوتاری بالاّدا خۆی بنوێنیّ، بەلّکو پێیانوایە کە دەبێ لەدنیای جیاوازیدا پانتایی ئەویدیکەو بەپەراوێزکراو و رەتکراوە، یان لەبیرکراوو دوور لەسێنتەر لەباشترین باردا بەرجەستەبکریّ،ئەوەش لە دەرەوە لەساتەوەختی بەجمگەبوونی لەگەڵ ناوەوەدا بەسەر دنیای شکۆو ئاواکردن، یان ئافەریدەکراو و تەجاوزکردنی واقیعدا، یان لەو جێکەوتەیەی کە بەرەو دنیای گۆڕانکاری و جیاوازی و لەیەکنەچوون دەچیّ، خۆی دەنوێنیّ.

دەتوانین بلّێین هەموو بەرهەمێکی فیکری هەلّگری زەمەنی تایبەتی خۆیەتی، بەو مانایەش هەموو دیاردەکان لەنێو ئەو زەمەنەدا لەگەڵ یەکتر جیاواز دەکەونەوە، جیاوازیش بەرێژەییەوە مەحکومە، بەلاّم

لـەدووتوێی کـارو تێزەکـانی جـاك دریـدا دەقـی فەلسـەفی بـە جیاکارییـە تایبەتیەکانیـەوە دەردەکـەوێت، هـەروەها جیـاوازی هـەر لـەفیکری (ئەفلاتون) تا دەگاتە (هیگل) و تـەواوی مەزهەبـە گشـتگیرییەکان بـەرەنگاری فیکـری میتـافیزیکی دەبێتـەوە، وەك چـۆن بـەرەنگاری ئـەو کەلـەپورەش دەبێتـەوە کەسـنووری میتـافیزیکی بـۆ زمـان لەرێگەی عەقڵـەوە دیـاری دەکـات، دەلالـەتیش بـە مەعریفـەوە دیـاری دەکـات، هـەروەها وای لـەکاری میتـافیزیکی کـردووە کـەوەك ئامـادەیی، یـان ئامـادەبوون، لەرێگـەی پابەنـدبوونی فیکـر بـە وجودەوە دیاری بکرێ.

(هایدگـەر) لەرێگـەی شـیکردنەوەکانی هەوڵیـداوە مەسەلەی خودی کەینوونە بەوەی کە وجود یەکەمین کەینوونەیە لـەدنیادا و وجـودی مرۆیـی گفتوگۆیـە

لەگەڵ دنیادا خۆی لەدەسەڵاتی میتافیزیکا رزگار بکات، هەروەها پێی وایە ئەو چالاکیەی کەزێترین رێژەی بەردەکەوێ گوێ گرتنە، نەك ئاخافتن، زمانیشی بەوە وەسف کردووە کە شوێنگەی بوونە (کەینوونە) هەر زمانیشە دەبێتە نێوەندی مێژووی بوون (وجود).

مابەڵام هایدگەر بەشێوەیەکی میتۆدی زمانی دراسەنەکردبوو، هەر ئەوەش لای دریدا دەبێتە خاڵی دەستپێکردن و (زانستی نووسینی) لەسەر دادەمەزرێنێ، لەوێشەوە بەرەنگاری ریشەی نووسینی (فۆنیمی) دەبێتەوە، هەروەها بەشێوەیەکی زانستی رەخنە لەمیتافیزیکا دەگرێ و هەوڵدەدا لەرێگەی هەڵوەشانەوەی میتافیزیکاوە تێگەیشتنی زمان بەپێی نموونەی نووسین بەدەست بهێنێ، نەك بەپێی نموونەی ئاخافتن، بۆیە دریدا وا

وەسفی نووسین دەکات کە سەیرورەیەکە لەسەیرورەی زمان، ئەو سەیرورەیەش لەرێگەی جیاوازییەوە کار دەکات و وەك چەمکێك یان شتێك کە قابیلی بیرکردنەوەیە دانانرێ، بەڵکو وەك جیاوازی هەڵچوون وەسفی دەکات، یان وەك دواخراوێك کەجیاوازی بەرهەم دێنێ.

هەروەها دریدا جیاوازی بۆ رەخنەی هاوچەشنی خۆرئاوایی و خولیای گردبوونەوە بەدەوری سێنتەر کە خۆی لە لۆگۆسێنتراليزمدا هەڵدەگرێتەوە بەکار دەهێنێ، لەلایەکی دیکە فیکرەی ئامادە (ئەوەی کە لەئارادایە)و لەگەڵ لۆگۆس رێ دەکات، لە فیکرەیەکدا خۆی نمایات دەکات کە مەوجود تیایدا بەو وەسفەیە کە ئامادەیە، بەو مانایە وجود (کائین) وەك چۆن هایدگەر وەسفی دەکات ئامادەیی لە شتەکاندا بەدەردەکەوێت، دریداش

بەمیتافیزیکای ئامادە ناوی دەبات و لەوێشەوە هەوڵدەدا کۆڵەکەکانی بگۆڕێ، هەروەها لەڕێگەی هەڵوەشانەوە ناودژییەکانی کەشف دەکات.
بەمجۆرە دنیای میتافیزیکی دەبڕێ، ئەو دنیایەی کە ئاخافتن پێش نووسین دەخات و بەپێشووتری دادەنێ. هەروەها لە ئاخافتندا گوتراو جیاکارییە تایبەتیەکانی خۆی هەیە، چونکە ((ئامادەیی گوتەبێژ لەکاتی دەربڕینی ئاخافتندا بەرجەستەدەکات و گوێگر بۆ خۆی دەستەبەر دەکات)) هەروەها شەقڵێکی دیکەی راستەوخۆ لەکردەی ئاخافتندا هەیە کەهێزێکی تایبەت بە قسەکەر دەبەخشێ، بەمجۆرە ئاخافتن بەسەر نووسیندا بەرجەستە دەبێ و پەسەند دەکرێ و فۆنۆسێنترالیزم دادەمەزرێ، دریدا فۆنۆسێنترالیزم

بــه خەســلەتێك لــه خەســلەته بنەڕەتییــەكانی لۆگۆسێنترالیزم دادەنێ.

دریدا له كتێبەكەی كەبـەناوی (زانسـتی نووسـینه) بانگەشەی دووبـاره چاوخشـانەوه بـه ڕۆڵـی نووسـین دەكـات ((نـەك بـەو خەسـلەتەی كـه پەردەیەكـه بـۆ ئاخافتنی دەبڕاو، بەڵكو بەو خەسلەتەی كه قـەبارەو تایبەتمەنـدی و جیاكـاری خـۆی هەیـە، بـۆ ئـەوه ناگەڕێتەوه كەواقیع لەدەرەوەی خۆی بەرهەم بهێنێ، وەك چۆن لێشـی كـەم ناكاتـەوه)) چـونكه لەدیـدی دریــدا نووســین دژی گوتــه ((بێــژەی دەربــڕاو)) دەوەســتێ و نوێنەرایـەتی نـەبوونی دەنـگ دەكـات، بــەمجۆره كەینوونــه ((بــوون)) وەك حاڵــەتی بەناوداچــوونی زمــانی جیــاوازی و هــەڵقوڵینی بێدەنگی لەنووسیندا لەدایك دەبێ.

دریــدا بــەدوای نووســینی یەکەمــدا دەچــێ، ئــەو نووســـینەی کەدەکەوێتـــە پـــێش هـــەموو ئـــەو نووسینانەی کە مرۆڤ نووسیویەتی، تاکو بەنێوەندی یەکـــەمی زمـــانی دابنـــێ و لەپاشـــان کـــاری هەڵوەشـــانەوە لـــەرووخانی چـــەمکە باوەکـــانی میتافیزیکـا ئامانجـەکانی خـۆی هەڵدەگرێتـەوەو لەســەر ئاســتی چــەمکدا پەیوەندییــە دامــەزراو کۆنترۆڵکراوەکــانی نێــوان ئاخــافتن و نووســین، سروشــت و رۆشــنبیری، رۆح و مــاددە، مــەعقول و هەســتپێکراو، لۆژیــك و ڕەوانبێــژی، ســەرەوژێر دەکاتەوە، هەروەها بەتایبـەتی هـەوڵ بـۆ سـەرەوژێر کردنی میکانیزمیـەتی لۆژیك بەسـەر رەوانبێژیـدا دەدات، خـــودی ئـــەو میکانیزمـــەی کـــە هـــەر لەئەرستۆوە هەتا ئێستا بەپیرۆزی ماوەتەوە.

جاك دريدا لەگەڵ زانای دەروونشیكاری فەرەنسی ئەلیزابیس رۆدینسكۆ

جیاوازی وەك چەمك ناكەوێتەوە، هەروەها سلبی نیە بەمانا لاهوتیەكەی بۆ سلبیەت، بەڵكو دریدا بە میتۆدێكی ستراتیژی رێك لەقەڵەمی دەدا، ئەوەش بەو مانایە نیە كەتەكتیكی دیاریكراوی هەبێ و لەرێگەی ئامانج و هۆكاری دیاریكراوەوە بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێ، بەڵكو بەهایەكی ئەزموونی لەخۆدا هەڵگرتووەو بێ ئامانجە ((چونكە بەهای ئەزموونی تەواوی ماناكانی خۆی لەناودژی لەگەڵ لێپرسراوێتی فەلسەفەدا بەدەست دەهێنێ)) هەروەها جیاوازی مانای جیاواز و دواخراو بۆ زەمەنی جیاواز و شوێنی جیاواز هەڵدەگرێ و بەرەو دونیای گۆڕاو دەیگوازێتەوە، لەبەدەستهێنانی عەقلانیانە بۆ دنیا دوور

دەکەوێتەوە بۆیە ئابلۆقە نادرێ، یان بەهیچ جۆرێ جوڵەکانی بەوشەیەك، یان چەمکێك داناخرێ، پەیڕەوکەرانیشی والێدەکات بۆ پێدراوەکانی دنیا تێگەیشتنی فیکر دووبارە بکەنەوە.

هەندێجار جیاوازی ئاماژە بە پێشنیاری لێکچوون، یان لێکجیا لەشێوەو تایبەتمەندیدا نادات، بەڵکو زۆر لەوە گشتگرتر دەکەوێتەوە، وەك چۆن نوێنەرایەتی پەرچە کرداری لێکچوونیش نیە، بەڵکو بۆخۆی لێکچوون و دژبوونەوە دەسەپێنێ، یان نە ئەوەو نە ئەم، بەمجۆرە بەردەوام پانتایی جیاواز لەقولاَییدا دەشارێتەوە و وێنەکەی دەردەخات، ئەوەش جۆرێکە لەحاڵەتێکی تایبەتی گوزەرکەر، تێگەیشتن تیایدا چەسپاو نییە.

دریدا جیاوازی وەك کارێکی پرسئامێز وەسف دەکات، وەك کارێك لەنێو بۆشاییدا ئامادەی

دەکات، ئەو کارەش لەنامۆبوونی ماناکـانی خۆیـدا بۆ ئێمە کەشف دەبێ و زۆرترین توانا بۆ راڤـەکردن و تەئویلکردن دەکاتەوە.

دریدا لەدووتوێی جیاوازیدا بەدوای ئـەوەدا دەگـەڕێ کە زمـان لەهـەموو هێـز و توانـا رەهاکـانی رزگـار بکـات، هـەر لەوێشـەوە جیاکـاری دەخاتـە فیکـری مۆدێرنـــەوە، لەهـــەمان کاتـــدا تـــەواوی گوتـــەزا فەلسەفیەکانی خۆرئاوا پێچەوانە دەکاتەوە، بـەهۆی وزەی دەلالەتە تایبەتیەکانیەوە زمـانێك بونیاد دەنێ دوور لەنموونەی نووسـینی فـۆنیمی، یـان دوور لـەو نووســـینەی کەبـــەپێی ئاخـــافتن فۆرمەلـــەکراوە، هـەروەها جیـاوازی بـەو سـیفەتەی کـە چـالاکیەکی ئازادە بەئاخافتنی ناوەوەی دادەنێ، کەنوێنەرایـەتی کەلێنێکی گـرنگ لـەدابڕان لەگـەڵ میتـافیزیکـای خۆرئـــاوا دەکـــات، ئـــەو میتافیزیکایـــەی

کەبەشێوەیەکی مێژووی لەسەر کۆمەڵێك سێنتەر، سێنتەری عەقڵی، سێنتەری فۆنیمی، سێنتەری تیشکی، سێنتەری خۆری، سێنتەری ئیتنی... هتد رابۆتەوە.

میتافیزیکا لەبەرامبەر نووسین, ئاخافتن پەسەند دەکات و بەرایی بەو دەبەخشێ، بەمجۆرە سێنترالیزمی لۆگۆسی لەراستیدا دەبێتە سێنترالیزمی فۆنیمی، کاتێك کە قسەکەریش گوێی لەدەنگی خۆی دەبێ، کۆمەڵێك شێوەی دەنگی بەرهەمدێنێ و دەلالەتە دواخراوەکان حاڵی دەبێت، لەهەمان کاتیشدا شێوە هەستپێکراوەکانی دەنگ درك پێدەکات.

دریدا دەڵێ ((لەکەلێنێکی داخراوی ئەزموونی وادا، وشە وەك یەکەیەکی سەرەتای —بەرایی-دەژی، بۆ مەدلول و دەنگ، بۆ چەمك و تەعبیرکردنی

شەفاف شیّ ناکریّتەوە)) کەواتە فۆنۆسیّنترالیزم جیاکاری میتافیزیکی ئەوەیە کە مامەڵە لەگەڵ بووندا دەکات، بەو سیفەتەی کەشتیّکە هەمیشە ئامادەیە، بۆ تەجاوزکردنیشی هەر دەبیّ ڕیّگە جیایەکە ببڕین.

دریدا وایدادەنیّ کە نووسین هەموو دەقیّك لەناوکۆیی پیّکهاتەکەی خۆی دەکاتەوە، ئەوەی کە دەڵیّ دەبیّ نووسین لە دانەر ئازاد بکریّ، بۆ ئەوەیە کە بەردەوام ئاماژەی نووسراوەکان لە ونبوونی دانەر دیاری بکاو لە دەرەوەی ژیانی دانەر و نیازی دانەر کۆمەڵیّك ڕەهەندی دەلالی بخاتەوە، پاشان نووسین لەهەموو بارودۆخیّکدا ڕیّگا بە دووبارە خویّندنەوە دەبەخشیّ و بەشیّوەیەکی سەربەخۆ لەقسەکەرەکان و ئەوانەی کە فۆرمەلەیان کردووە بەرجەستە دەبیّ، وەك ئەوەی کە پرۆسەی یەکەم و بەرهەمهیّنەری

زمانـە، بـەمجۆرە دریـدا بـۆ چەسـپاوە پێشـینەکانی شـــێوەی دەنگـــی، بـــەدوای نووســـینی یەکـــەم (سـەرەتایی)دا دەگـەڕێ و لـەو شـوێنەوە دەسـت پێــدەکات کــە نووســین بەمانایــەك لــەماناکانی نێوەندی یەکەم، بەرایی زمانە، بەڵام نـەك مشـەخۆر بەسەر ئاخافتندا، بەڵکو مشەخۆری بۆخۆی کاتێـك بـەجێگیرکردنی دەلالەتـەکان هەڵدەسـتێ و وایـان لێدەکات شێوەی زاراوەیی و دامـەزراویی وەربگـرن، ئەوە سروشتی ئاخافتن پراکتیزە دەکات، بۆ ئـەوەش پشت بەتایبەتمەندیەکانی خـودی نووسـین دەبەسـتێ کە ((بەر لە بۆلوانی نووسین و لـەدەرەوەی ئاسـۆی نووسیندا بیر لەکردنەوەی مەحاڵ دەکەوێتەوە)).

گەڕاندنەوەی ئەرزش بۆ ئەویدیکە

گەڕانمان بەدوای نووسینی یەکەم و بەرایی خـۆی لـە بنەڕەتی ئاخافتن و وشەی نووسراودا هەڵدەگرێتـەوە،

بەلاّم ئەوە قابیلی وەسف کردن و جێگیربوون نیە، هەروەها وەك (سوسێر) ئاماژەی بۆ دەکات سیستەمی خودی ئاخافتن خۆی لەسەر جیاوازی نێوان ئاماژەکان بونیاد دەنێ، نەك یەکەی مانا، بۆیە ئاماژە بۆخۆی دەلالەت لەشتێکی دیاریکراو ناکات، بەڵکو دەلالەت لە جیاوازییەکانی دەکات، بەجۆرە لەنێوان ئەو ئاماژانەی کەهەندێك بەرەو هەندێکی دیکە دەبەن جیاوازی دێتە بەرهەم. بەلاّم تەعبیرە زمانەوانیەکان جا چ بەشێوەی فۆنیم (دەنگ) دەربکەون، یان بەشێوەی جێکەوتە بەجۆرێك لەجۆرەکان لەپای نووسینی یەکەم بەکاردەهێنرێن. هەروەها هۆیەکانی تەعبیر کردن هەموویان لە بنەڕەتدا لەدووتوێی نووسینەوە دەردەچن، بەلاّم نووسین بایەخ بەو هۆیانە نادات کە

شێوەی بیستراوو نووسراو بەکاردەهێنن، چونکە نووسینێکە زمان تیایە دەردەکەوێ.
هەروەها بەمانا بەربڵاوەکەی جیاوازی بۆخۆی یارمەتی بەجمگەبوونی ئاخافتن بەسەر نووسیندا دەدات، وەك چۆن بەرەنگاربوونەوەی میتافیزیکی لەنێوان هەستپێکراوو بەعەقڵکراو دادەمەزرێنێ، هەروەها نێوان دال و مەدلول.
بەجۆرە جیاوازی بەرەو بەرەنگاربوونەوەی نێوان پێکهاتە دەلالیەکانی ئاخافتن دەبێتەوە، بۆ ئەوەش هەر تەنها پشت بە تایبەتمەندییە خودییەکانی نابەستێ، بەڵکو پشت بەجیاوازییەکانی نێوانیان دەبەستێ، پێکهاتەی ئاخافتن والێدەکات کەلەجیاوازی ئەویدیکەو لەپاڵ زنجیرەیەك لادان (خزین)و پەیوەندییە دواخراوە بێ کۆتاییەکان خۆی هەڵدەگرێتەوە، بەجۆرە جیاوازی دەبێتە لادانێك

بەهۆیەوە زمان خۆی لەسەر جیاوازییەکانەوە بونیاد دەنێ، ئەو جیاوازییانەش لادانی جۆرین و بەرەو تایبەتمەندی خۆیان دەچن.

لەدووتوویێی خوێندنەوەی جیاوازییەوە لادان کەشفی ئەوە دەکات کەدەق تەنها یەکێك نییە، ئەرکی دەقیش دەرچوونە لەمەزهەبە فەلسەفی و میتۆدەکانی خۆرئاوا کە لەناو زماندا وەك دەسەلاتێك خۆیان بەسەر چەمکەکاندا دەنوێنن و تەواوی فەلسەفەی خۆرئاوایان وەك میتافیزیکای خواستن: خواستنی سێبەر و رۆشنایی، دیار و نادیار، زاهیر و باتن، دامەزراندووە.

خواستن بەگشتی وەك دریدا باسی دەکات گواستنەوەیە لە خۆزگەیەك بەرەو یەکێکی دیکە، لەدالێك بەرەو ئەویدیکە، خەلاتەکەشی لە ملکەچ بوونی یەکەم، گوزەرکردنی هاوشێوەئامێزی

کەینوونەیە لەژێر ئەوەی کە مەوجودە، دەبینێتەوە، ئەو خواستنە کێشکردن دەگەیەنێت و ئەو گرانیە بنەڕەتیەیە کە گوتار بەرەو خۆی کێش دەکات، بەشێوەیەك دایدەمرکێنێ کە لەنێو میتافیزیکا گەڕانەوەی بۆ نەبێ، هەر ئەویش لەباوەشی فەلسەفەدا مێژووی کەوتنی فیکری بینی، ئەو کەوتنەش نەوەیەکی لەخۆدا هەڵگرتبوو، نەوەیەك هەر لەدریداوە تا فۆکۆ تا بارت و دۆلۆز، ئەو نەوەیە بەچاوی خۆی ڕەوینەوەی وەهمی ڕووداوی ئایاری (1968) فەرەنسای بینی، بۆیە بایەخی دەرچوون و لادان لەو مێژووە بەرەو دنیایەکی بەهێز و ڕاستەوخۆی بردن، کە هەر سەربەخودی خۆی نییە، بەڵکو بەر بەو پانتاییە جیاوازەشە کە ئەویدیکە وازی تیا دەکات، بۆیە ئەو نەوەیە نووسینیان وەك دەرچەیەکی هاوشێوەی دابەزینی

مانا دەبینی کەدەکەوێتە دەرەوەی خۆی و لەنێو خۆیدایە: لێرە لەسەر ئەو زەوییە خواستن لەپێناو ئەویدیکەو بەرامبەر ئەویدیکەیە. خواستن لەبری میتافیزیکایە ئەگەر بمانەوێ ئەویدیکە دەربکەوێ دەبێ (کیان) تیایدا پەردەپۆش بکرێ ئەوەش هەڵکۆڵینە لە ئەویدیکەو بەرامبەر ئەویدیکە.

بەمجۆرە لادان و جیاوازی بەمانایەك لەماناکان گەڕانەوەی ئەرزشە بۆ ئەویدیکە، خۆرئاوایی ئەوروپی بەشێوەیەکی مێژوویی بەدەوری خودی خۆیدا کۆمەڵێك سێنتەری دروست کردووەو سێنترالیزم لە مۆدێرنەو پۆست مۆدێرنەدا رووەکانی خۆرئاوایی ئەوروپی بوو، لەوێشەوە بۆ رەشکردنەوەی ئەویدیکە خۆی لەبەرەی بەرەنگاربوونەوە هەڵدەگرتەوە. بۆیە کۆمەڵێك لە فەیلەسوفکاران کەپێشتر ناومان هێنان (کۆمەڵەی

نیچـــەیی) هەوڵیانـــدا ئـــەو گوتـــەزا فەلســـەفیانەی سێنترالیزم بەتاڵ بکەنەوە بۆ ئەو بەتاڵ کردنەوانـەش جەختیان لە تەواوی بوارەکـان و لەسـەر ئەویدیکـەو جۆراوجۆری دەکرد.

<u>سەرچاوە:</u>

ئینتـەرنێت/ سـایتی ئـیلاف. نووسـینی-عومـەر کوش.

له نێو رۆشنبیریی فەرەنسیدا دریدا شان بە شانی فۆکۆو دۆلۆز یەکێکە لە دەنگەکانی فەلسەفەی جیاوازیو هەوڵیداوە (هایدگەر) لە تەئویلاتی وجودییانەی (سارتەر) رزگار بکات.
هەڵوەشانەوەگەری وەك (بننگۆن) لەو کتێبەی کە لە سەر دریدا نووسیوویەتی ئاشکرای دەکاو دەڵێ: هەڵوەشانەوەگەری تەرجەمەی زاراوەی وێرانکردنی هایدگەرییە. ئەوە هایدگەرە کە لە لێکۆڵینەوەیەکی کورتدا بە ناوی (ناسنامەو جیاوازی) ئاشکرای دەکات, کە فەلسەفەی ئەوروپی سەرەڕای فەلسەفە دوانییەکانو ئەوانی دیکەی فرەئامێزو ئەوانەی کە خۆیان بە شۆڕشگێر بە سەر رژێمەکاندا دەژمێرن کەچی هەموویان هەر لە ئەفلاتوونەوە بگرە, لە سەر بنچینەی تاکایەتی دامەزراون, چونکە شەپۆلی

زاڵ تیاندا ئەو شەپۆلە سێنتراڵییە بووە, کە لە سەر تاکێتی چەسپاوە, فەلسەفەی ئەفلاتوون‌و (دنیای هاوشێوەی ئەو) باشترین نموونەی ئەو تاکایەتیەن.

لە فەلسەفەی نوێشدا هیگلییەت لەو ڕێڕەوە دەرناچێ, ئەو دەوڵەت وەك هاتنی خوا بۆ سەر زەوی دەبینێ, بەڵام دریدا لە کتێبە جوانەکەیدا (دەنگ‌و دیاردە) ئاشکرای دەکات کە هۆسرەلی دامەزرێنەری فینۆمینۆلۆژیا هەر تەنها پەیامنێرێکی دیکەی میساڵییەتی ئەڵمانی‌و درێژکراوەی فەلسەفەی ئەفلاتوونەو جگە لەوە شتێکی دیکە نییە.

لەو بۆچوونە تاك ڕەهەندو مانا ئیمپریالیزەدا, ئاگایی تەعبیر لە ئامادەیی خود دەکات, ئەو وجودەیە کە هەموو بە ناوی خود ناویاننـاوە,

هایدگەر ئەو ئامادەبییەی بە دیاریکراوی ناو ناوە ئەنتۆلۆژی بوون. هایدگەر هەروەها پێش ئەویش نیچەو فرۆید لە سەر لۆژیکی ئاگاییو فەلسەفەی ئامادە کۆششیان کردووە.

نیچە هەوڵی نەداوە حەقیقەتێکی نوێ دابمەزرێنێ, هەروەها هەرگیز پرسیارە ترانسندنتالەکەی (کانت)ی نەوروژاندووە.

ئاگایی وەك پانتاییەکی دڵنیابەخش بۆ مەدلولو ماناو حەقیقەت ناگەڕێتەوە. ئەو دروستکەرەش نییە کە ئیکتفا بە خودی خۆی بکات. بە پێی تەعبیری دریدا ئەو پاڵەوانە چەمکئامێزەی (نیچە) کە زەردەشتی ناوە تەعبیر لە هەڵوەشانەوەی گراماتۆلۆژیای میتافیزیکا دەکات, بێ ئەوەی

مرۆڤ (فرۆید)ی لە بیر بچێ, کە ئەویش بۆ خۆی نکۆڵی لە سیستەمی ئاگایی لاهوتی دەکرد.

(سارە کۆفمان) لە کتێبی "خوێندنەوەی دریدا" بە روونی ئاشکرای دەکاتو رایدەگەیەنێ, سەرەڕای ئەوەی کە فرۆید نائاگایی وەك سیستەمێك درككردووە, بەڵام دەکرێ بڵێین کە نائاگایی هیچ شوێنێکی نییەو ناشێ بە خەسڵەتی ئامادە ناودێر بکرێ, بەڵکو لە دنیای "من"دا دەبێتە تۆی ناسیستەمی, بەمجۆرەش وەك چەمکی "نووسینو جیاوازی" بونیادی میتافیزیکا بە توونەدی دەلەرزێنێ.

نیچەو فرۆیدو هایدگەر, هەروەها بە تایبەتی بونیادگەری کاریگەری گەورەیان لە سەر فەلسەفەی جیاوازی هەبووە, بونیادگەری وەك فەلسەفەی

مردنی مرۆڤ بەرگری لە فیکرەیەك دەكات, ئەویش ئەوەیە كە نووسەر وەك (جولیا كریستیڤا) لە كتێبی "زمان ئەو ونبووە" ئاراستەكانی بونیادگەری بەمجۆرە دەكێشێ, دەڵێ زمان بە پێی رێبازی بونیادگەری بۆ زانست دەبێتە بابەتێك نەك وەك ئەوەی كە خۆی ونبكات بەڵكو وەك ئەوەی كە هەر لە ئێستاوە بە پێی یاسا تایبەتییەكانی قسە دەكات, ئەو یاسایانەی كە دەشێ بە بیرۆكەی جیاكردنەوەی زمان لە قسەكەركورتی بكەینەوە, كاری زمانیش ئەوەیەكە سێنتەری مرۆڤ و تەنیایی مرۆڤ بلەرزێنێ.

ئەگەر رێنیسانس هەڵگری دروشمی مرۆڤ بێ دژی خواوەندەكانی چەرخی ناوەڕاست, ئەوە بونیادگەری

هەڵگری دروشمی زمانه به دژی مرۆڤ ..... مرۆڤ وەك ماناو ئایدۆلۆژیا.

بونیاده میتافیزکەكانی سوسێری زمانەوان

دریدا لە بەشی دووەمی کتێبەکەی "پەراوێزی فەلسەفە" کە ناونیشانی "جیاوازی" هەڵگرتووە بە نووسینی وشەی "جیاوازی" بە رێنووسێکی نوێ دەستپێدەکات ئەویش هەر تەنها دەلالەت لە تێکشکانی رێنووسی ئەرسەدۆکسی ناکات, بەڵکو تێکشکانی ئاگایی‌و تۆتالیتارییەتیش دەگرێتەوە بێگومان(سوسێر) یەکەمین کەسێکە کە درکی بە گرینگی جیاوازی کردووە, ئەویشی وەك مەرجێ بۆ توانای دالەکان داناوە. زمان لای ئەو سیستەمێکە

له جیـاوازی, هـیچ بونیادێـك نییـه كـه یەكـەكانی جیاوازی نەگەیەنێ.

بـەلاّم لای دریـدا جیـاوازی نـه وشـەیەو نـه چـەمك هەروەها دریدا بۆ ئـەوە كـار ناكـات كـه پاسـاو بـۆ نووسینی وشەی جیاوازی بهێنێتەوە, چونكه نابێتـه بەندەی لۆژیكی دەمەتەقێئامێز.

,راسته پیـاو دەتوانـێ ئـەو جیاوازییـه بخوێنێتـەوەو بنووسێ, بەلاّم ناتوانێ گـوێی بـۆ بگـرێ "چـونكه قابیلی بیسـتن نییـه" دریـدا دەڵـێ جیـاوازی هـیچ پەیوەندی به سیستەمی ئاگاییەوە نییـه, وەك چـۆن پەیوەنــدی بــه سیســتەمی ئەزموونــەوە نییــه, ســێنتراڵییەتی دەنگــی هەمیشــه ســێنتراڵییەتی عـەقڵی دادەپۆشـێ, هـەروەها دریـدا نایـەوێ هـیچ بڵێ, فەلسەفەكەی ویستی گوتنی نییه.

جیاوازی هەموو شێوە دووالیزمییەکا تەجاوز دەکات و هەمیشە پیتی یەکەمی ئەبجەدی لاتینی تیایە ونە, هیچ ناڵێ نە بە سروشتی و نە بە ئاگایی, هیچ حەقیقەتێکیشی لە خودا هەڵنەگرتووە, دریدا ممارەسەی فەلسەفەی کلاسیکی ناکات, هەروەها لۆژیکی جیاوازی هەر تەنها لۆژیکێکی نا ئەنتۆلۆژی نییە, بەڵکو بۆ خۆی نالۆژیکیشە, بە زمانی دریدا: سەرکێش و ستراتیژئامێزە, ستراتیژییە واتە وجودێکی ترانسندنتالیانەی بۆ حوکمکردن بە سەر نووسیندا نییە, نووسین دژی هەموو شێوە ئەنتۆلۆژی و لاهوتییەکان دەوەستێ. سەرکێشیشە چونکە نووسین خۆی لە پێناو ئامانجێکی دیاریکراو زیندانی ناکات, یان بە شێوەیەکی ستراتیژی لە

نوێــوە بەڵگــە بــۆ دروســتی پێشــەکییەکانی‌و بــە خــــاوەنبوونی خـــۆی ناهێنێتـــــەوە, بــــەڵکو ســـتراتیژییەتێکی بـــێ ئامانجـــە, ســـتراتیژییەتی ونبوون‌و لە یادچوونە, دریدا نایەوێ سیستـەمێکی فەلسـەفی نـوێ بونیـاد بنـێ, هــەروەها جیـاوازی شوێنێکی نوێی بـۆ مـەدلول‌و حەقیقەتـەکان نییـە, بەڵکو پرۆژەیـەکی هەڵوەشـانەوەئامێزە, ئـەوەش بـە روونـــی لـــە خوێندنـــەوەی دریـــدا بـــۆ (سوســـێر) دەردەکەوێ.

دال لای سوسێر لە ساتەوەختی ونبـوونی مـەوجود دەردەکەوێ, بۆیە دال دەکەوێتە پلەی دووەمـەوە, لـە دەرئەنجامی ئەوەشدا جیاوازی هەر تەنها وجـودێکی کاتی دەبێ. دریدا هەوڵدەدا تەجاوزی ئەو جیاوازییە کاتیـە بکـات چـونکە ئـەو جیاوازییـە وەك بەنـدەی

"ئامادە" دەمێنێتەوە, زمانەوانی سوسێر سەرەڕای ئەوەی کەپێشوازی لە زمان و دەلیل دەکات, بەڵام لای دریدا هەروەك بەندەی میتافیزیکا دەمێنێتەوە.
(بننگۆن) لەو کتیبەیکە لەسەرەوە ناومان برد زۆر بەجوانی ئەوەی روونکردۆتەوە, ئێمە لێرەدا دەتوانین بیروڕایەکانی لە دوو خاڵدا کورت بکەینەوە: یەکەم: چەمکی دەلیلی میتافیزیکی "واتە دەلیل لای سوسێر" کە جیاوازی دەخاتە نێوان دال ومەدلول, بۆ خۆی دەکەوێتە نێوان ئەو دوالیزمانەی کە جیاوازی دەخەنە نێوان هەستپێکراوو عەقڵانی لەم رووەوە سوسێر هەر تەنها هەوڵیداوە لە نوێوە بێتە خاوەنی ئەو دوالیزمە, ئەگینا کارێکی دیکەی بە ئەنجام نەگەیاندووە . دووەم: هەڵوەشانەوەگەری بە دژی

مەرجەعییــەت , بــەرگری لــە بــەرایبوونی دەلیــل دەکات, پێیوایە لەدەرەوەی دەلیلەوە شتێك بە ناوی مەرجەعییــەت وجــودی نییــە, فەلســەفەی جیــاوازی بەگەرمی پێشوازی لە دەلیل وپلەی دووەم دەکات , بــەجۆرە دریــدا بــە توونــدی دەســەڵاتی ئامــادە رادەتەکێنێ, ئەو دەسـەلاتەی کـە وامـان لێـدەکات بەردەوام لـەدووتوێی دیـارو نادیـاردا بـیر لـە وجـود بکەینــەوە . جیــاوازی نــە خــودە و نــە ئەســڵە و نــە مەرجەعییەتە, هەتا ئەگەر هاتوو لـە بـارەی خـودی جیــاوازیش لـــە دریـــدا بپرســـی هـــیچ ناكـــات, بـــەڵكوخودی پرســــیارەکە هەڵدەوەەشــــێنێتەوە, هــەروەها پرســیار کــردن لــە ماهییــەت بۆخــۆی پرسیارێکی میتافیزیکییـە"هایدگـەر" گەیاندییـە

داپۆشـــینی وجـــود (واتـــە هایدگـــەر ئـــەو جـــۆرە پرسیارانەی بە داپۆشینی وجود دادەنا-و.کوردی) .

بـەمجۆرە دریـدا بـە نووسـین دژی ئاگـایی ئاهـەنگ دەگێـڕێ , نوووسـین مێیـەو ئاگـایش لـە هـەموو مێیـەك دەترسـی, ئاگـایی لـە گواسـتنەوەی بـەرەو نووسین دەترسێ, چونکە بۆ ئەو دەبێتە لەدەستدانی بەرزیو پیرۆزی, نووسین مردنی خـالق رادەگەیـەنێو تـــەجاوزی لـــوژیکی پێناســـە دەکـــات, بـــەپێی تـــەعبیری"ســـارە کۆفمـــان" وەك ئیزافەیـــەك, وەك بوونەوەرێکی دووڕەگ, وەك درەختێکـی بـێ ریشـە, دەقێکی بێ یاسای دیاریکراو, دەقێکی کـراوە, بـە سەر دەقگەلی دیکەدا, بەسـەر ئەویدیکـدا جێبـەجێ دەبێت.

دریداو هۆسرەل: هەڵوەشانەوەی ناوەندێتی دەنگی

هەندێ لە رەخنەگرانی ئەڵمانی پێیانوایە بە راستی (ئەدمۆند هۆسرەل) گرنگترین فەیلەسوفێکە کە بەشەرییەت لە دوای ئەفلاتوونەوە ناسیبێتی, گرنگییەکەشی ئەو کاتە زێتر بەرجەستە دەبێ کە کتێبەکانی پۆست مۆدێرنە دەخوێنینەوە, دەشێ فەلسەفەکەی وەك پرۆژەیەکی رەخنەئامێزو هەڵوەشانەوەی سیستەمی ئاگاییو فەلسەفەی ئامادەگی هۆسرەلیانە وەسف بکەین, نموونەش بۆ ئەوە رەخنەکەی دریدایە لە بارەی فەلسەفەی هۆسرەلەوە کە دەشێ بەمجۆرە لە رستەیەکدا کورتی بکەینەوە کە لە کتێبی "دەنگ‌ودیاردە" وەرگیراوە: مانا بۆ ئەوەی کە قسە دەکات پارێزراوە. مانا نموونەو عەقلانییەتە, بۆیە ئەگەر هۆسرەل بە خودی

ئامادەو قسەکەرگرێ بدەین, ئەوە دووچاری ناودژی نابینەوە0

دەشی بەرێگەیەکەیگاڵتەئامێزانە بڵێن کەقەدەری خود بۆ خۆی مانایە0 ئەو دەکەوێتە ژێر ئەوەو دەڵێ کە مانا هەڵدەلوشێ, مانا بەرلەقسەکردن دێ, خودییە, بۆ یەکەمجارو هەتا هەتایە لەشوێنێك کە پێی دەڵێن ئاگایی چەسپاوە, بەلاّم لە توانای مرۆڤدا هەیە,کە بەپێی ویستی خۆی ئامادەی بکاتەوە, وەك چۆن بەندەی خوا لەکاتی نوێژ کردندا خوای خۆی ئامادە دەکاتەوە, دەتوانێ بەرەو قسە کردنو زمان بیگوازێتەوە, ئەوەش لای هوسرەل وەك کارێکی لاوەکی دەمێنێتەوە, وەك جۆرێك لە پیسبوون, ئەگەر زمانێکی ئایینی"ئیبۆخی" بە کاربهێنین, بە ناودژی ئەو دەگەڕێتەوە, ئیبۆخی یان

کورتکردنەوەی فینۆمینۆلۆژیا, کـە نوێنـەراتی لـە دنیا دەرچوون دەکات, مەعریفە هـەروەك بـوون لـە نێـوان دوو کەوانـە دادەنـێ. میتـۆدێکی دیکـەی فینۆمینۆلوژیـای ترانسـندنتالی کورتکردنـەوەی وێنەیـە, هەرلـەو ریگەیەشـەوە دەکـرێ هێلێکـی راسـت و چـەپ بـە سـەر بـوونی شـتەکاندا بنـێین, حەقیقـەتی هـەموو ئـەوەی کـە کـاتی و هەسـتپێکراوە لەبەرژەوەنـدی بۆچـوونی تـەواوی جەوهەربیەت دایە.

دەشێ بـوونی دنیـا لـە پێنـاو دەسـتگرتن بـە سـەر جەوهەری دنیـادا رەشـبکەینەوە"کەواتـە واپێدەچـێ فینۆمینۆلۆژیـا زانسـتێکی بەراییانـە بـێ. پـێش وجود , پێش تەواوی یاساکانی واقیـع“ نوێنەرایـەتی جەوهـەرو یاسـاکانی بکـات"فنیۆمنیۆلۆژیـای

ترانسندنتالی" جۆرێکە لەتێرابوونی ناوەوەو خود, ئاگاییەکی رەهایە, رەشکردنەوەی دنیای دەرەوەیە, لە وشەی ئەفلاتوونییەتدا. لە دووتوێی ئەو فەلسەفەیەدا ئاگایی بەرهەمی سروشت نییە. بەڵکو لە هەموو سروشتێك ئازادە, لە هەمان کاتدا ناشێ سروشت لە نێو ئەو فەلسەفەیەدا نادیار بێ. هۆسرەل لەم بارەوە بە روونی دەڵێ: ئەگەرهەموو عەقڵمان لە دنیا رەشکردەوە, سروشتیش وجودی نامێنێ, بەڵام ئەگەر سروشتمان سڕییەوە, ئەو کاتە شتێك لە ژیاندا دەمێنێتەوە ئەویش عەقڵە, عەقڵی تاکخواز.

ئەو دیدو بۆچوونە بۆ سروشت لاوەکییەو پاشکۆی عەقڵە, هەروەها جیاوازی فینۆمینۆلۆژیاو زانستی

دەلالەتی تەقلیدی روون دەکاتەوە, کە تەنها وشەی قبولە, کە بۆ بابەتێکی واقیعی دەگوازرێتەوە.

چەمکی ناوەندێتی لە فەلسەفەی هۆسرەلیدا دەستەواژەیە, دەستەواژەش دابەشی ئاماژە (چ مادی بێ یان دەنگی بێ, یان نووسینئامێز بێ)و مانا دەبێ. هەروەها هۆسرەل جیاوازی لە نێوان دوو جۆر لە ئاماژە دەکات: دەستەواژەو ئاماژە یان ئیشارە.

ئاماژەی یەکەم ماناداره, لە هەمان کاتدا ئەوەی دووەم ئاماژەی ئیشارییە. دریدا ئەو جیاکارییە وەك سیستەمێکی میتافیزیکی دەبینێ کە قەبولی گەیشتن ناکات. دریدا دەڵێ: هەر تەنها ئەو کاتەی کە وەزیفەی گەیشتن دەسڕینەوە, وەزیفەی وجودی تەعبیری پەتی بەدەردەکەوێت(....) بۆ ئەوەی کە

دەستەواژەی جێگیر بکەین, دەبێ هەموو ئاماژەکانی دیکە بسڕینەوە.
لێکۆڵینەوەی لۆژیکی بە نیسبەت دریدا ناوکی تەواوی فینۆمینۆلۆژیایە. دریدا لە کتێبەکەیدا (دەنگو دیاردە) وەك چۆن هۆسرەل لە ئاماژە گەیشتووە, ئەویش بە هەمان شێوە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەی لۆژیکییەوە چارەسەری گیروگرفتی دەستەواژە دەکات. دریدا وەك دەبینین بونیادی میتافیزیکی تیۆری مانای لای هۆسرەل کەشف کردووە, هۆسرەل بۆ خۆی لە کتێبەکەیدا "لێوردبوونەوەی دیکارتیانە" جیاکاری لە نێوان میتافیزیکای ئەسڵی یان فەلسەفەی بەرایی و میتافیزیکی تەقلیدی (کە خیانەتی لە عەقڵ کردووە) دەکات.

فینۆمینۆلۆژیا بە تیۆری هەستیو حدسی دادەنرێ, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا عەقلانیشە, دژی هەموو شێوەیەکە لە شێوەکانی میتافیزیکی, بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە کە فینۆمینۆلۆژیا نابێتە جێگای پرسیارکردن, هەروەك نابێتە عەقڵی ترانسندنتالی, هەروەها نابێتە زمانێکی تەقلیدی بۆ ئەو عەقڵەو دەڵێ لە نێوان زمانی تەقلیدی(یان زمانی میتافیزیکی تەقلیدی)و زمانی فینۆمینۆلۆژیدا هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی دابڕان بەدی ناکرێت.

هۆسرەل وەك بوونەوەرێکی عەقلانی تەماشای زمان دەکات. ئەو درك بە جیاوازی نێوان زمانو لۆژیك ناکات. ئەگەر شێوازی فوکۆیی بەکار بهێنین, دەڵێین ئەو تەنها ممارەسەی زمانی جەدەلی

دەكاتو وەك هۆكار سەیری زمان دەكـات, یـان بـە زمانی دریـدا ئـەو جیـاوازی لـە نێـوان گراماتیـكو لۆژیـك ناكـات, گرامـاتیكی لـۆژیكی لـە سـەر ئاگـایی دادەمـەزرێنێ, ئەسـڵیش لـە ئاگاییـدا هەڵدەگەڕێتەوە.

گراماتیكای میتافیزیكەی ئاگاییەو لە تاكە شتێك زێـتر تـەعبیر لـە هیچـی دیكـە ناكـات ئـەویش ئامادەگییە, یان بە زماتێكی دیكە دەنگە, دەنگی فینۆمینۆلـۆژی نابـێ لەگـەڵ دەنگـی فیزیكـی تێكەڵی بكەین, چونكە دەنگێكی ترانسـندنتالیو هەستییە, ئەو دەنگە رۆحێكی هەیە كـە بـە دنیـاوە پەیوەست نییە, لە بەشی یەكەمی(دەلیلو ئەدلە)ی دریـدا كـە پێشـتر قسـەمان لێكـرد واپێدەچێ كـە دریدای فەیلەسوفی فەرەنسی قسە لە سەر چـەمكی

ئاماژە یان دەلیل لە لای هۆسرەل بکات, هۆسرەل پێیوایە کە هێندێ ئاماژە مانادار نین, ئەویش ئەو ئاماژانەن کە پیاو بە ئاماژەی ئیشاری یان بەکورتی لە بەرامبەر دەستەواژەدا بە ئیشارە ناویان دەبات, ئیشارە سەر بە دنیایەکە, دنیایەك کە لە دەرەوەی ئاگاییو لە دەۆەوەی منو خودی قسەکەر دایە. لە بەرامبەر ئەویش دەستەواژە مانایە, رووداوێکی هەستتیە "ئیرادەی گوتنە".

دەشێ ئەو ئەنتۆلۆژییە زمانەوانییە بەو خشتەیەی خوارەوە روون بکەینەوە:

ئاگایی	دنیا
دەستەواژە	ئاماژە
(مانا, ئیرادەی گوتن,خود,	

عەقڵ, بابەتخوازی میسالیانە)   (نایەوێ هیچ شتێ بڵێ)

حەقیقەت   ئەمبریقی

دواتر هۆسرەل روونی دەکاتەوە کە دەستەواژە ئیشارە نییە بۆ شتێك, ئاماژەکردن نییە بۆ وجود, ئەگەرچی بەردەوام بە گوتاری گەیشتنەوەش پەیوەست بێ, ئەو گەیشتنە هەمیشە بە نیسبەت هۆسرەل رووەکی دەکەوێتەوە.

دەستەواژە ئەسڵی خۆی لە دەرەوەی کرداری گەیاندنو بونیادی ئاماژەوە هەڵدەگرێتەوە, لە دەرەوەی دنیادا, لە دنیایەکی میسالی مەنەلۆگئامێز.

فینۆمینۆلۆژیای ترانسندنتالی رێگە بە ئاڵوگۆڕی قسەکردن نادات, چونکە گەیشتن وەك کردەیەکی

رووەکییانە سەیر دەکات, ئەساڵەتی هەمیشە لە ونبوونی ئەوانیدکەوە جێبەجێ دەبێ, لە ونبوونی جیاوازیدا, لە جیهانی دوورەپەرێز لە رۆح.

ئەو خشتەیەی خوارەوە ئەو مەسەلە روون دەکاتەوە:

خودی قسەکەر ناوەندیاری فیزیکی خودی گوێگر

دەستەواژەی ئیشارە درککردنی

نیازی قسەکەر

پەیوەندی

لەگەڵ ئاماژەی

ئەمبریقییەوە هەیە,نەک

لەگەڵ خود

یان ئیرادەی گوتن.

دەستەواژە لە دیدی هۆسرەلدا"بەرجەستەکردنە".

تەعبیر لە مانای هەبووی بەراییانە دەکات, هەروەك دەستەواژە وەك روالّەت یان وەك بەرجەستەکردنێکی ناوەوە درکی پێدەکەین. بەرجەستەکردنو روالّەتی دەرەوە سروشت نییە بەلاّم مانایە, دەنگی خودی قسەکەرە, لای هۆسرەل بونیادی گوتارەو میسالییە, دالێکی میسالییە, قبولی گۆڕانو مەدلولی میسالی ناکات, میسالییە بەلاّم نەك بەو مانایەی بەردەوام بتوانێ خودی ئامادە بەرهەم بهێنێ.

بوون لە دیدی هۆسرەل وەك چۆن دریدا روونی کردۆتەوە دووبارەکردنەوە, یان پرۆسەی بە ئامادە بوونە, ئەو بە وێناکردنەش بە بۆچوونی من دەلالەت لە هەرەمییەتو دوا سیستەمی هۆسرەلی

دەکـات, چـونکە سیسـتەمەکەی ئـەو سیسـتەمێکە هــەر تــەنها خــۆی لــە نکــۆڵی کردنــی گەیشــتندا هەڵناگرێتــــەوە, بـــەڵکو بـــوون لـــە ئەســـڵێکی دیاریکراودا دەشارێتەوەو لە شـوێنێکی دیـاریکراە رووتی دەکاتەوە.

دریدا دەڵێ گەشەی مێـژوو لای هۆسـرەل, بـەردەوام شــێوەیەکی ســەرەکییانەی لــە خــۆدا هــەڵگرتووە, ئـــەویش پێکهاتـــەی میســـالیانەیە, وەك ئـــەوەی دووبارەکردنـــەوەی تەقلیـــد بـــێ‌و هـــەتا هەتایـــە پارێزگـــاری لێبکـــرێ‌و بـــەردەوام لـــە دووتـــوێی دووبارەکردنەوەو لاسـایکردنەوەدا بسـوڕێتەوە, واتـە گواستنەوەو نوێکردنەوەی ئەسڵ. دیاریکردنی بوون وەك ئەوەی کە میسـالی بـێ, نرخانـدن‌و کردەیـەکی ئەخلاقییانـەی-تیۆرییـە, دان بـە حـوکمی ئەسـڵی

فەلسەفە دادەنێ لە شێوە ئەفلاتوونییەکەیدا, دەنگیش تەعبیر لەو ئامادەگییەو لەو شێوە ئەفلاتوونییە دەکات.

دریدا دەپرسێ بۆچی دەنگ لە نێوان ئاماژەکاندا لە هەمووان میسالی ترە؟ لە کوێوە ئەو بەرزو نزمییە لە نێوان دەنگو میسالییەتدا پەیدا بووە؟. ئەوە ناوکی پرسیاری ئەو کتێبەیە لە رێگەی ئەو پرسیارەشەوە, دریدا دەیەوێ پەیوەندی نێوان سێنترالیزمی دەنگیو سێنترالیزمی عەقڵی هەڵوەشێنێتەوە, دریدا دەیەوێ روونی بکاتەوە, کە پەیوەندی نێوان دەنگو ئاگایی پەیوەندییەکی ناوەکییە, دەنگ وەك بەندەی (من) دەمێنێتەوە, هیچ شوێنێك بۆ ئەویدیکە ناهێڵێ, هیچ شوێنێك بۆ دنیا ناهێڵێتەوە, خودی دالو مانای مەدلول

تەنیا یەکێك‌و هاوشێوەو منـە, واتـە هـەمان شـتن, ئێستا لێرە لەو کاتەی کە قسە دەکەم, گوێبگرە کە چ دەڵێم, مـن خودی خۆم وەك ئامـادەگی پراکتیـزە دەکەم, وەك نەفس‌و ڕۆح, ژیانم قایم دەکەم.

دریدا لـە (گراماتۆلۆژیـا)دا ئامـاژە بـەوە دەدا کـە مێـژووی میتافیزیکـا نـەك هـەر لـە ئەفلاتوونـەوە هەتا هیگڵ, بەڵکو لە پێش سوقرات‌و هەتا دەگاتە هایدگـەر بـەردەوام عـەقڵ وەك ئەسـڵی حەقیقـەت تەماشا دەکات, ئەو بۆچوونە هەمیشە وەك شتێکی لاوەکی‌و تەکنیکی سەیری نووسـینی کـردووە, لـەم دیـــدەوە هەمیشـــە نووســـین دەکەوێتـــە دەرەوەی واقیعـەوە, بـەڵام دەنـگ بـە پێچـەوانەی نووسـینەوە پێکهاتەیەکـــە, لـــە پێکهاتـــەکانی ئـــابووری میتـافیزیکی, ئـەو دالەیـە, کـە ناکەوێتـە دنیـای

ئەزموونەوە, بۆ خۆی خودی ئاگاییە, نووسین نە مانای هەیەو نە کاریگەری, بۆیە دەشێ وازی لێبهێنین, چونکە میتافیزیکا پێویستی بە جەستە نییەو نێرگزییە, جۆرێکە لە گوێگرتن لە خود.

دەنگو بوون دەکەونە نێو پەیوەندی لێکنزیکبوونەوەوە, دەنگ وەك هایدگەر دەڵێ لە رۆحەوە دەرژێ, نووسین لەو دیدە میتافیزیکییە جگە لە ناوەندیارێك زێتر شتێکی دیکە نییە, نە هەڵگری حەقیقەتەو نە ئیرادەی گوتنی پێیە, بەڵکو هەر تەنها دەلالەت لە بەرجەستەکردن دەکات.

دریدا روونی دەکاتەوە, کە چەمکی نیازئامێز بۆ خۆی بەندەی میتافیزیکای ئیرادەیە....ئیرادەی گوتنیش تەعبیرکردنە لە ئامادەگی, هەموو ئەوانەی کە دەکەونە دەرەوەی خودو ئیرادەوە, وەك

زمان‌و جەستەو سروشت بە بێ مانا دەکەونەوە, دووانەی (عەقڵ/جەستە) ڕۆڵێکی تایبەتی لە تیۆری مانای هۆسرەلیدا دەگێڕن.
عەقڵ ئیرادەو مانایە, بەڵام جەستە لە هەموو مانایەك ڕووت بۆتەوە, مردنە. دریدا فینۆمینۆلۆژیا وەك کەمکردنەوە بەرەو مەنەلۆگ دەبینێ‌و دەڵێ لە ژیانی ڕۆحی دوورە پەرێزدا پێویستمان بە وشەی واقیعی نابێ, بەڵکو هەر تەنها پێویستمان بە وشەی خەیاڵی دەبێ.
ئاماژە لە فەلسەفەی کلاسیکی وەك چۆن لە زانستی زمانەوانیدا جۆرێکە لە پاشکۆ یان یارمەتیدەرو هیچ پەیوەندی بە حەقیقەتەوە نییە, دەشێ لە کاتی قسەکردن لە بارەی حەقیقەتەوە وازی لێبهێنین. ئاماژە یان زمان هەر تەنها

رەنگدانەوەی حەقیقەتی میسالییە, کە لە دەرەوەی دنیاوە دادەمەزرێ. زمان یان ئاماژە هەڵگری هیچ مانایەك نییە, چونکە وجودیان لە دنیادا هەر تەنها وەك جەستە پراکتیزە دەبێ, ئەو تێگەیشتنە بۆ ئاماژە, هۆسرەل بەرەو ریسوابوونی (گەیشتن) دەبات, ئەوەی دوایی بە نیسبەت ئەو ترسناك دەکەوێتەوە, چونکە جێگیرکردنی مانای ئەسڵی پێیە, ئەوەی دوایی چ وەك ئاماژە بێ, یان وەك نووسین, یان وەك مرۆڤ و سروشت بێ, بەردەوام لە فەلسەفەی هۆسرەلدا بە لاوەکی تەماشا دەکرێ و جۆرێکە لە پەراوێز.

دەتوانین هەڵوەشانەوەی فەلسەفەی ئامادەگی وەك چۆن دریدا پێی هەڵساوە لە چوار خاڵی سەرەکیدا کورت بکەینەوە, کە ئەوانەن:

1-دریدا پێیوایە کە ئاماژە هەر تەنها ڕەنگدانەوەی مانای ئەسڵی نییە, بەڵکو مەرجی تواناکانی ئەو مانایەشە, کە لە خۆیدا هەڵیگرتووە, هەروەها هەر کردەی ئامادەبوونی مانای دروستکراوی پێشووش نییە.

2-دریدا کورتکردنەوەی زەمەن لە ئێستا تەجاوز دەکات, ئێستا یان هەنووکە وەك نوێکردنەوەیەکی ئەنتۆ-لاهوتییانەی وجودە, وەك ئەسڵی حەقیقەتو دروستکەری مانا, ئەوەش بە نیسبەت دریدا شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەفلاتوونییەت.

3-دریدا تەجاوزی هێرمینۆتیکای تەقلیدی دەکات, کە بەردەوام خۆی بە خاوەنداری مانای ئەسڵی دەژمێرێ, ئەو هێرمینوتیکایە لە سەر تێگەیشتن دروست بووە, نەك لە سەر جیاوازی, لەو

بۆچوونەدا ونبوون رۆلێکی سەرەکی لە پێکهێنـانی ماناداا دەگێڕێ.

تێبینی

ئەو نووسینە نووسوری مەغریبی (رەشید بوتـەیب) نووسـیوویەتی لـە ئینتـەرنێت وەرگـێڕاوە بڕوانـە گۆڤاری ئەلواح ژمارە (17)ی (2004). مـن بـە پێویستم نـەزانی سەرچـاوەو پـەراوێزەکانی نووسـەر بنووسمەوە.

کاریگەری بونیادگەری لە سەر فەلسەفە
فەلسەفەی بیٚ سیٚنتەرلای دریدا

لەم دواییەدا کتیٚبی ((میٚژووی پلیتی پۆستە-کارت پۆستال لەئەرستۆوە))ی جاك دریٚدا کەئوستادە لە خانەی بالاٚی مامۆستایان لەپاریس کەوتە بازاڕەوە(پۆل ریٚکۆر) کە چاوی پیٚکەوت پرسی: چ پیٚویستیەك پالٚی نای بۆ نووسینی کتیٚبیٚکی ئاوها؟(دریدا) بەجۆرە وەلاٚمی دایەوە:

تۆ كاتێك چەمكی(پێویست) بەكار دەبەی، ئەوە لە دووتوێی مەركەزییەتی عەقڵدا لەنێو عەقڵانییەتدا دەمێنیتەوە، بەڵام من لەمێژە لێی دەرباز بووم، هەرچۆنێ بێ ئەو وەڵامە (ریكۆر)ی رازی نەكرد.

ئەوەی زانراوە(پۆل ریكۆر) كە پرۆفیسۆری گشتی فەلسەفە بوو لە(سۆربۆن) ئەو كات (درێدا) وەك (موعید) لای ئەو كاری دەكرد. هەروەك لەو نووسینەدا بەدەردەكەوێت، ئەو دیالۆگە كورتە، دەلالەتی گەورەی لە خۆدا هەڵگرتووە، بەو مانایەش ململانێی دوو قوتابخانە، یان دوو نەوە دەنوێنێ، خودی ئەو دوو فەیلەسوفەش دوو تەوەری دژ بەیەك بوون، لەدوایین كۆنگرەی كۆمەڵەی فەیلەسوفانی فەرەنسی كە لە(7-10) مانگی تەمووزی(1980) لەشاری سترا سبۆرك بەسترا.

ئەو دوو فەیلەسوفە(بەلای کەمی) لـەم کۆنگرەیـەدا دوو شـتی دژیـان لـە هۆشـی ڕێکخـەری کـۆنگرە و تـەواوی بەشـدار بووانـدا کێشـا. دوای ئـەو سـەرەتا خێرایــە هەوڵــدەدەین، لــەو نووســینە کورتــەدا کاریگەری بنەڕەتی بونیادگەری لەفەلسەفەدا دیاری بکەین، پاشـان هەنـدێ ڕوونکردنـەوە(دەخەینـە ڕوو سـەبارەت بـەو فەلسـەفەیەی کـە دەکەوێتـە ژێـر کاریگەری بونیادگەری و بانگەشـەی دنیایـەکی بـێ سـێنتەر و بـێ پاڵپشـت دەکـات، واتـە بـڕوای بەدەسەلاتی ڕەهای ناوەنـدێتی عـەقڵ و ڕۆڵـی وشـە نییــە، ئــەویش فەلســەفەی دریدایــە، پاشــان هەوڵدەدەین دەلالەتە بنچینیەکانی ئـەو فەلسـەفەیە ڕوون بکەوینەوە.

لەنێوان بونیادگەری و فەلسەفەدا

پرسیار کردن لەپەیوەندییەکانی زانست و وفەلسەفەو کاریگەری ئەوییان بەسەر ئەمیاندا گرنگ و رەوایە، بێ ئەوەی بکەوینە درێژ دادڕییەوە دەتوانین بڵێین هەر لەسەدەی حەڤدەهەمەوە، لەو کاتەی کە زانستە وردەکان لە بۆتەی فەلسەفەدا رزگاریان بوو، بەدوای ئەویشدا دەرچوونی زانستە مرۆڤایەتیەکان لە دەسەڵاتی باوکانەی فەلسەفە، دوور کەوتنەوەی لەودەسەڵاتەوە، ئەوەی دوایی راستەخۆ دەکەوێتە ژێر هەموو ئەو نوێکاریانەی کە زانست، یان زانستە مرۆڤایەتیەکان پێشکەشی دەکەن، ئەو نوێکاریانەی کە زانست ،یان زانستە مرۆڤایەتیەکان پێشکەش دەکەن، ئەوەش فەلسەفە بەردەوام پێویستی پێیەتی، چونکە پاکانە بۆ

وجــودی دەكــات، و كايــە تايبەتيــەكانی ديــاری دەكــات، ئــەويش هەميشــە وا هەســتدەكات كــە بەخششــە نوێكــانی زانســت بــەرەنگاری ئــەو بەردەوامبوونــە دەبنــەوەو دەیخەنــە هەڵوێســتی گومــانلێكراوی تاوانبــارەوە، هــەروەها فەلســەفە لەســەرييەتی ئــەو شــتە نوێيانــە رەچــاوبكات كــە زانســت و زانســتی مرۆڤايــەتی دەیخەنــەوە، تــاكو بتوانیێ وەك كوڕی شارســتانی و نــەوەی زەمانەكــەی بمێنێتەوە.

لــەو چــەرخەماندا دوو زانســت لــە زانســتە مرۆڤايەتيــەكان دەســتيان بەســەر بوارەكــانی مەعريفــەدا گرتــووە و فەلســەفەی خۆرئاوايــان دووچــاری لــەرزين كــردووە، هــەروەها دەقــە سەرەكيەكانی خودی ئەو فەلسەفەيان كۆكردۆتەوە و

شیکردنەوەی دەروونی و زمانەوانیان لە بارەوە ئەنجام داوە. بونیادگەری راستەخۆ لەزمانەوانی (سوسێر) و ئەنتۆپۆلۆژیای (لیڤی ستراوس) هاتۆتە بەرهەم، واتە دەکرێ بڵێین ئەو فەلسەفەیە لە زانستی مرۆڤایەتیەوە لەدایکبووە، کەچی فەیلەسوفان هەمیشە کاریگەری میتودێکی دیاریکراو، یان تیۆرێکی زانستی دیاریکراو لەسەر فەلسەفەکانیان رەتدەکەنەوە، بەلاّم گرفتەکە لە قبوڵکردن و رەتکردنەوەدا نییە، چونکە ئەگەر ئێمە چاو لە بیست ساڵەی بوارەکانی فەلسەفە بکەین، واتە هەر لەو کاتەی کە ئاراستەکانی بونیادگەری دەستی بەسەر بوارێك لە بوارەکانی مەعریفەدا گرت، ئیتر کاریگەریەکی گشتی فەلسەفی بەدیار کەوت، ئەویش ئابوری گەڕانەوەبوو بۆ خود، واتە

پێویست بوون بەفەلسەفەیەك كە(خود) یان(بكەر) رۆڵی سەرەكی تیا دەگێڕێت. بەكورتی دەڵێین: لەسەدەی هەڤدەمدا (دیكارت) پێویستی بە زەمانەتی خودایی بوو، تاكو دڵنیا بێ لە راستی ئەوەی كە دەیبینێ، واتە ئەوەی زەمانەتم بۆ دەكات، كە ئەوەی دەیبینم خودی ئەو شتەیە كە دەیبینم، نەك دەستكردی ((دڕندەیەكی بلیمەت)) تام لە دەسخەرۆ كردنم وەرگرێت، ئەوەش كەماڵی بایەخ پێدانی خواوەندە، ئەو كەماڵەش ناهێڵێ ببمە قوربانی یارییە گلاوەكان((خودی ئەو پرسیارە فەلسەفییە لە فەلسەفەی عەرەبیدا ((غەزالی تەعبیری لێكردووە)).

(ئەدمۆند هوسرەل)ی ئەڵمانی لە ناوەڕاستی ئەو سەدەیەدا هات، تاكو بە فینۆمینۆلۆژیاكەی لەم

بارمتەیەی خواوەند رزگارمان بکات، لەبری ئەوەش کۆمەڵێك ئەزموونی خودی، یان کۆمەڵێك خود-یان خودێك و خودی ئەویدیکەی هێنا ئاراوە، هەروەها ماهیەتی کۆتایی خستە نێو دووکەوانەوە، واتە وازی لە لێکۆڵێنەوە هێناو تەئکیدی لەسەر پێکەوە ژیان کرد، واتە ئەزموون، کە ئاگای خودی تیا دەژیت، یان تاقیکردنەوەیەك کە ئاگای خودی تیایە، بونیادگەریش هات تاکو بەرێگەی ئابورییەوە ئەو ماوە نوێیە ببڕێت بۆیە ئەو جارەیان وازی لەخود هێنا، واتە لەو فەلسەفەیەی کە بەشێوەی قسە کردن لەگەڵ ئەویدی دەنوسرێت، ئەوەش بۆ فەلسەفەی (دیکارت)ی پشت بەست بە کۆجیتۆکەی لێدانێکی کاریگەر بوو. ئەگەر فەلسەفەی(دیکارت) دەڵێ(من بیردەکەمەوە کەواتە

هەم) بەکەفالەتی خواوەند ئەوەی دەیبینم هەروەك خۆی دەیبینم ئەوە فینۆمینۆلۆژیای (هوسرەلی) دەڵێ من بیر دەکەمەوە,تۆ بیردەکەیتەوە، ئێمە گشتمان بیردەکەینەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگ دەکەوێتەوە بۆ ئەزموونەکانمان ژینکارییە لە ئاگایی خوددا. کەواتە ئێمە لەگەڵ بونیادگەری و فەلسەفە نزیکەکانیدا دەڵێین، یاخود ڕاستی ناڵێین، چونکە وشەی دەڵێین خۆی لە خۆیدا گەڕانەوەیە بۆ(خود) بەڵکو بڕیاردەدا: لەناوەوەمدا بیر دەکاتەوە، ئەوەش(بونیادە) گرنگیش بەدیارخستنی ئەو بونیادەیە.

گوتمان فەلسەفە دەکەوێتە ژێر کاریگەرە نۆیکارەکانی زانستی و زانستی مرۆڤایەتییەوە ئەوەتا(پۆل ریکۆر) لە کتێبەکەی(ململانێی

هێرمونتیکا) له ڕێگەی دوور و درێژو پێچاوپێچی زانسته نوییێـەکانی مرۆڤایەتییـەوه لـه(کەینونـەت) دەکۆڵێتەوه رەخنه له(هایدگەر) دەگرێ که ڕێـز بـۆ ئـەو یاسـایه دانـانێ، واتـه(هایدگـەر) هەوڵـدەدات جۆرێـــك لـــه ئـــەنتۆلۆژیای راســـتەوخۆ بســـازێنێ بڕوانه: R.Ricoeu: Leconflitdes inter Pretationepp.257.262) ئـــەو کاریگەرییه بایەخداره که لەبونیادگـەری دەبینرێـت لەســـەر ئاســـتی فەلســـەفەی کۆجیتۆیـــه کـــه واز لـــه (خـود) دەهێنـێ، لەچـەمکی ئەپسـتمی(فوکـۆ) و چەمکی فەلسەفەی بێ سێنتەری (دریدا) دەیبینین. فوکۆ له کتیبێ(وشەکان و شتەکان) که لـه سـاڵی 1966 دەرچـــووه، هەوڵـــدەدات ئـــەو بارودۆخـــه پارچـــەپارکراوه ببینـــێ کـــه لـــه دووتـــویێ بـــواره

مەعریفیەکانـــدا پارچـــەی دیـــاریکراون و دەبنـــە پێکهێنەری ئەو مەرجانەی کە دەکرێ(فوکۆ) تیاندا بڵـێ: گوتارێـــك دانـــی پیـــادەنرێ کـــە حەقیقـــەتی شتەکانی تیا رەنگداداتەوە، بە واتایـەکی دیکـە لـە هەموو کاتە مێژوویـیـە دیاریکراوەکانـدا(پێشـینە) هەیە و بنچینەی مەعریفەیان لەسـەر بونیـاد نـاوە، گەڕان بەدوای هەموو ئـەو پێشـینانەش((پێشـینەی مێژووی) پێکدەهێنێ.

کەواتـە لێـرەدا سیسـتەمێکی شـاراوە لـە پشـتی دیاردەکانـــەوە هەیـــە، کـــە مـــەرجی حەقیقـــەت پێکـدەهێنێ، بـێ ئـەو مەرجـەش نـاکرێ هـیچ گوتارێـك لـە ئـارادابێ. کـە حەقیقەتـەکانی تیـا رەنگبداتەوە، یان راستر وەك گوتارێکی هاوچەشـنی راستی دانیپدانییێت(بڕوانە وشەکان وشتەکان فوکۆ

ل171) فوكۆ خودی ئەو چەمكەی كە لەبارەی مەعریفە، یان(ئەبیستم) لەسەر تازەگەرێتی پراكتیزەی دەكات و تەئكید دەكات كە لەناوەڕاستی سەدەی رابردوو، گرنگ بوونی((كوفییە- بایۆلۆژی و پۆپ- زمانەوانی و رێكاردۆ- ئابووری)) نییە، بەڵكو گرنگ ئەوەیە سەردەمی ئامادەیی دیاریكراوی مەعریفە هاتووە لەیەك كاتیشدا مێژووی ئابوری كۆتایی بوونی مرۆڤایەتی و كۆتایی مێژوو لە ئاسۆ هاتووە(بڕوانە هەمان سەرچاوە ل274) بەمجۆرە وادەردەكەوێت كە ئەركیۆلۆژیای مەعریفە لای(فوكۆ) بەتەواوی وازی لە (خود) هێنابێ تاكو لەبری ئەوەش باردۆخێ دەهێنێتەوە كە پێشینەی مێژووی دروستی دەكات وهۆی حەقیقەتی هەموو مەعریفیەیەكە.(جاك

دریدا)ش لەفەلسەفەکەیدا واز لە گەڕانەوە بۆ(خود) دەهێنێ و ناویشی دەنێ(فەلسەفەی بێ سێنتەر) هەروەك لێرەدا روونی دەکەینەوە.

فەلسەفەی بێ سێنتەری جاك دریدا

(جاك درێدا) هەوڵدەدا ئەو فەلسەفەیە رەش بکاتەوە کە لە سەر خود وەستاوە، لەدێکارتەوە بۆ خۆرئاوا بەجێ ماوە، لەراستیدا درێدا لەو هەوڵەیدا دوور دەچێت ئەگەر بیەوێت تەوەرەی سەرەکی رەش بکاتەوە ئەو تەوەرەی کە تەواوی میتافیز یکای لەسەر بونیادنراوە، ئەوەش مەرکەزییەتی ئەقڵە, یان کۆنترۆڵکردنی ئەقڵ و وشەیە لە خاڵێکی سەرەکی, خاڵێك کە بە شوێنی گەڕانەوەی هەموو فەلسەفە و حەقیقەتەکان دادەنرێ. هەموو فەلسەفەکان لەسەر ئەقڵ, یان لۆگۆس ڕاوەستاون, کە دوا بنەڕەت و

زەمانەتە بۆ حەقیقەتەکان. دیداش بۆ ئەو سەرچاوە پتەوە هێرش دێنێ تاکو دڵێنابێ. لێرەدا دواین سەرچاوە بۆ گەڕانەوە لە ئارادا نیە تا حەقیقەتە فەلسەفیەکان دەستەبەر بکات, یان تاکو بێتە زەمانەتی حەقیقەتە فەلسەفیەکان, هەموو فەلسەفیەکان لە ڕاستیدا فەلسەفەی مەرکەزی عەقڵ بوون, هەموو ئەوفەلسەفانەش جگە لە مەرکەزیەت دانان بۆ ئەورووپاو سەیرکردنی خۆرئاوا بەتەوەرەی سەرەکی فیکر شتێکی دیکە نین, لە کاتێکدا ئێمە لە ڕاستیدا تەماشای زمان دەکەین و هەرگیز سەرنج لە بوونی مەرکەزێك نادەین کە ڕاستیە بچوکەکان وەك جەمسەر لە خۆدەگرێ, چونکە زمان لە یارییەکی گەورەی بێفەرماندە پێکدێ, ئەو یاریەش لە بنەڕەتدا یاری

لێکجیاکانه, یاری جیاوازیەکانە, بۆیە (دریـدا) بـە دوای شوێنی نوێی وشەدا دەگەڕێ و لە خـودی ئـەو خاڵەشـەوە دەسـت پێـدەکات, تـاکو مـەرکەزیـەتی دەسەڵاتی وشە وردوخاش بکات, یان بۆ ئەوەی ئـەو مـەرکەزە دەسەڵاتدارە بڕوخێنێ کە خۆی بە(بنەچـە) و مـەرگەزی زمـان دەژمێرێ((بەر لە فەلسەفە کردن لەسەر وون بوونی وشە بیر لە بارە نوێکـە بکەینـەوە تاکو ملکـەچ بـێ بـۆ بنیاتێـك کەهـەرگیز هـەموو شتێك نییە, یان تـاکو دووبـارە بـۆ ژێـر بونیادێـك نەگەڕێتـەوە خـۆی بـە هەمووشـتێك دەزانێـت, ئـەو بونیادەی کەڕێگا بە کودەتای تەواو دەدا دژی وشـەو ئینجـا دژی هــەموو (میتــافیزێکی ئامــادە) بووەستێ, لای درێدا ئەو بونیادە خۆی لـە چـەمکی جیـاوازی و دابـڕان, یـان جیاکـاری, یـان یارییـە

جیاوازییـــەکان دەدۆزیتـــەوە کـــە (جێکـــەوت) بانگەشـەی بـۆ دەکـات. ئـەو بەرهەمـەش مـەرجی بنــەڕەتی بــێ شــوێنی دەســازێنێ و هــەموو ئــەو مەدلولانــەی کــە بوونیــان لــە عەقڵەوەیــە وەبــەر شیکردنەوە دەدات.

ئەگەر لە رەگەزی واژەیی, واتە(پیت) دەسـپێکەین, بۆمـان ڕوون دەبێتەوە کە دیاردەی جیاوازی و ڕەوتی کار کردنیان پێکهاتەیەکی رەسەن دادەمەزرێنن کە هیچ ڕەگەزێکی سادە لـە پـێش ئـەودا نـەبێت، یـان پێش هـەموو ڕەگـەزێکی دیکـەی سـادە دەکـەوێت, بەمانایـەکی دیکـە جیـاوازی نێـوان واژەو یـەکێکی دیکــە جیاکــاری نێــوان واژەیــەك و واژەیــەکی دیکە,ئەسڵێکە, یان ئەو ئەسڵەیە کە پـاش ئـەوان و دوور تــر لــەوان ئەســڵێکی تــر وجــودی نیــە,

بوونی((ب)) ناکرێ((س)) بێ, جیاوازی((س)) و ((ب)) ئەسڵی یەکەمە و بەرهەمێکە ڕووت, ئەوە جیاوازییە ڕەهاکانن, واتە جیاوازییەکان ناکەونە سەر هیچ ڕەگەزێکی هەستی جاچ ڕەگەزەکە هی(بیستن)بێ, یان(بینین), دەنگی بێ, یان وێنەیی, کەواتە جیاوازییەکان مەرجی بنەڕەتی وجودی هەموو ڕەگەزە هەستیەکان پێکدەهێنن و دەکەونە بەر ڕای هەموو دال و مەدلولێك و بونیادو مانایەکەوە, هەروەها هەموو ناوەڕۆك و تەعبیر کردنێك .

خودی فیکرەی جیاوازییەکان ڕێگا بە(درێدا) دەدا بەسەر هەموو گیروگرفتەکانی زماندا گوزەر بکات, تا دەگاتە لە دایکبوونی ئاخاوتن لەسەر توانای هەبوونی وێنەییەوە : هەموو جیاوازییەك

کاری خۆی وەك جیاوازی لای ئەوی دیکە جێ دەهێڵێ بێ ئەوەی لێرەدا سەرچاوە ڕاڤەی هەموو ئەوانە بکات کە دەڕوات هەر خودی ئەو جیاوازییەش دەکەوێتە پاش هەموو ماناو چەمکە فەلسەفییەکان, ئەوماناو چەمکانەی پاڵ بە چاخی ئەنتۆلۆژی لاهوتی دەدەن, واتە ئەو پێش هەموویان دەکەوێت و ئەگەر ئەویش نەبێ شتێك لە ئارادا نابێ, ئەگەر بەمانای((لە دایك بوونی وشە)) هەموو چەمکە خەلفیەکان بخەینە پێشەوە, کەواتە خودی بەرهەم دەبێتە سەرچاوەی بنەڕەتی, واتە ئەسڵێکی ڕەها, بۆ هەموو ماناو دەلالەتەکان, بەلاّم ئەگەر ئەو هەر خۆی بێ و ئەسڵ نەبێ, کەواتە مانا هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بۆی دەگەڕێتەوە لە دەستی دەدات, بە کورتی هەر پیتێك بوونی خۆی

له جیاوازییەکانی پیتێکی دیکە بەدەست دەهێنێ، هەروەها هەموو وشەیەك ڕوونی خۆی لە جیاوازییەکانی وشەیەکی دیکە وەر دەگرێت، بەڵام زنجیرەی ئەو جیاوازیانەش بۆ هیچ ئەسڵێك ناگەڕێتەوە، بەڵکو ئەوە مەرجی بوونی هەموو دال و مەدلولێك و هەموو ئەسڵێکە، لێرەدا ناکرێ بە هیچ چەمکێکی فەلسەفی وەسفی بکەین، یان دەوری بگرین، چونکە خۆی ئەومەرجەیە کە ناکرێ لەو دوورتر بڕۆین، کەچی بەسەر هەموو ئەو هەوڵانەی کە دەیانەوێت زاڵە، چونکە مەرجی توانای هەموو چەمکێك ئەو ئەسڵەیە کە بێ ئەسڵە، بۆ هیچ مەرکەزێك ناگەڕێتەوە و لە دەوری هیچ مەرکەزیکیش ناسوڕێتەوە، لێرەدا هیچ جیاوازییەك نییە ئەسڵی بێ، یان بەرایی بێ، کە بۆی

بگەڕێینەوە, تاکو یارییە جیاوازەکان و جیاکارەکان ڕاڤــە بکــات, جیــاوازی, یــان جیاکــاری وەك جیاوازییەکی ڕەها خۆی جێگیر دەکات, واتە دەبێتە جیاکارییەك, یـان جیاوازییـەك کـەناکرێ یـەکێکی دیکە بێت, خودی ئـەو ئەسـڵە, کـە ئەسـڵی نییـە و بەهیچ چـەمکێك دەورە نـەدراوە, دەبێتـە چـەکێکی ترسـێنەر کـە(درێـدا) بـۆ ڕووخـان و تێکشـکانی هـەموو فەلسـەفەکانی خۆرئـاوا بـەکاری دەهێنـێ, ئەگەر نەڵێین گشت بەخششەکانی ئەقڵ .

لە ڕاستیدا(درێـدا) بەپرۆسـەی ڕووخـان هەڵناسـێ, بــەڵکو بەپرۆســەی شــیکردنەوەو بەیەکداکێشــان هەڵدەسێ, یاخود بنەچەکان دژبەیەك دەکاتـەوە کـە هەموو فەلسەفەی لە سەر هەڵچنراوە, بونیادی ئـەو فەلســەفەیەش هــەر لــە خــودی خۆیــەوە بەیــەك

دادەکێشـــن, فیکــرەی بەرهــەمیش لــەلای ئــەوی تر(پیت) جیّ دەهیڵیّ, یان لای ئەوانیدیکـە(وشـە) دەخاتەوە, ڕێگا بە(درێدا)ش دەدات کـە سـێنتەری سـەرەکی هـەموو فیکرەیـەك بگوازێتـەوە, بـەڵکو ڕاسـتتر هـەموو خـاڵێکی جـێگیر بـوونی فیکـرەی مرۆڤایـەتی رووت بکاتـەوە, هـەر لێـرەدا هـەموو گیروگرفتـەکان حەقیقـەت و مەعریفـە و ئەسـڵی یەکـەم لــە ئاســۆ ڕەش دەکاتــەوە, تــاکو لــە بەرامبەرمانـدا دنیایـەکی بـیّ بـەری و تـەواو بـۆ راڤەکردن بهێنێتەوە .

لـە خـودی ئـەو فەلسەفەیەشـدا, یـان راسـتتر لـە بۆچوونی شتەکان دەبینین هـەموو گەڕانەوەیـەك بـۆ مرۆڤ وەك بکەروو تـەوەرەی فیکـر ون دەبێـت, واتـا فەلسەفەی خود لەناو دەچێت و لـە شـوێنی ئـەویش

بونیادی سەرەتای و بونیادی یارییە جیاوازەکان و جیاکەرەکانی نێو زمان دادەمەزرێ, لێرەدا مەغزای دیالۆگی نێوان درێداو ریکۆر لە نێو نووسینەکانماندا دەردەکەوێت .

دەلالەتە بنەرەتیەکانی فەلسەفەی درێدا

دوای خستنە بەر چاوێکی خێرای ئەو فەلسەفە رەسەنە, سەرەڕای ئەوەی نکۆڵی لە هەموو ئەسڵ وئەساڵەتێك دەکات, ئێمە پرسیار لە مەغزای خودی فەلسەفە دەکەین, چونکە سەرەڕای ئەوەی(درێدا) نکۆڵی لە خۆرئاوا دەکات کەچی فەلسەفەکەی بە گەشەسەندنەکانی خۆرئاواوە پەیوەستە, لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەوانەی خوارەوە دەکەین:-

أ-چەمكی جیاوازی, یان جیكاری وەك بنەڕەت لە زماندا هەر لە سەرەتاوە(سوسێر) ئاماژەی پێكردوە و تەئكیدی لێ كردوە, دەڵێ: لەزماندا جگە لە جیاوازی هیچ لە ئارادا نییە بڕوانە(Cours.P.160). كەواتە كاریگەری زمانەوانی لەسەر فیكری درێدا بە روونی دیارە .

ب-هەوڵەكانی درێدا وادەردەخات كە ئەزموونەكانی عەقلانیەتی خۆرئاوا لەوپەڕی بەخششەكانی دایە, كەچی فەیلەسوفەكان لە سەرسامیدا مانەوە, بەجۆرێك ئەو ئەقلانیەتە نەیتوانی داواكراوەكانی بخاتە ڕوو, كەواتە بۆ كۆمەڵگای خۆرئاوا كۆمەڵێك گیروگرفتی نوێ دەسازێنێ كە ئاڵۆزییەكانیان لە هی پێشوو كەم تر نابێت .

ج-خــودی فەلســەفەی دریــدا هەوڵدانیێکــە بــۆ دەرچوونی لە قاوغی فیکرەی ئـەقلانیتی خۆرئـاوا, کــە وەك تــەوەرەی بنــەڕەتی پشــت بــە(لۆگــۆس) دەبەستیێ, بەلاّم ئایا دەکریێ ئەقلاّنیەت تیێپــەڕێنریێ؟ ئایا خۆرئـاوا ئـەو کاتـەی ئیێمـە داوای سـەروەری لیێ دەکەین لەئەقلاّنیەت بیێـزارە, گومـانی تیێدانیـە کـە فیکرەی(دریێدا) پەیوەستە بە فیکـرەی(نیتشـە) بـە تایبەتی لە فیکرەی مردنی خودا .

د-هایدگەر بەر لە دریێدا هەولیێـدا سـنووری عـەقلّ تیێپەڕێنیێ, لە بۆچوونی ئەودا پیرۆزی لەبارەی بەشـە ڕۆشناییەکەی دارستان یـان((دورگـەی دارسـتان)) ئەو ڕۆشـناییە وا لە وجود دەکات نەشوەی وجود کـە مــرۆڤ تیایــدا دریێــژە بــە روخســارەکانی ئــەزموونی

وجود بدات, هەروەها لە دووتوێیدا گیروگرفتەکانی کەنیونە چارە بکات .
هـ-هەوڵـەکانی درێـدا دنیایـەکی میکـانیکی تیـا ڕەنگ دەداتـەوە کـە ئامێرەکـان تیایـدا باڵادەسـتن, لێرە لە دنیای پیشەسازیدا هیچ پێویست بە ئـامێر ناکـات, یـان ئاشـکرا کردنـی ئامێرەکـانی دیکـە, هـەموو ئامێرێـك لـە جیـاوازی ئامێرەکـانی دیکـە وەزیفەکانیان ئاشکرا دەبێ, بێ ئـەوەی بگەڕێینـەوە بـۆ سەرچـاوەی دیکـە تـاکو وجـودی ئامێرەکـان ئاشکرابکەین .
و-ئینجا دەکـرێ لـە ڕادەی ڕەوایـەتی بـەکارهێنانی چەمکێك بپرسین کە مەدلولاتی لـە نێـو زانسـتێك لە نێو زانسـتەکانی مرۆڤایەتیـدا هەیـە, کـە چۆن دەخرێتـە بـواری فەلسـەفەییەوە, بـێ ئـەوەی لـەم

بەکارهێنانە نوێیەدا مانا وردکراوەکانی لـە بەرچـاو بگرین, هەروەها دەکرێ پرسـیارێك لـەو پرسـیارانە بکەین کە ئایا یارییە جیاوازییەکان لە نێـو زمانـدا بەراستی بنچینەیە, کە بنچینەی دیکەی لـە پێشـدا نەبووە؟ ئایا ئـەو مەسـەلەیە کێشـەیەکی بـایۆلۆژی دەرنابڕێـــت کـــە تـــاکو ئێســـتا لای زانایـــان لێکۆڵینەوەی لە بارەوە ئەنجام دەدرێت .

بە کورتی ئێمە کاتێـك لـە هـەر فەلسـەفەیەك دەدوێـین, دەبـێ ئـەو فەلسـەفەیە لـە چـوار چێوەی خۆیدا دابنێین, فەلسەفەی درێـداش کـە لـە دواجـار نکـۆڵی لـە هـەموو فەلسـەفەکانی دیکـە دەکـات, ڕەنگدانەوەی تەنگژەکانی ئەو فیکرەیـە کـە فیکـری خۆرئاوا پیێ گەیشتووە, کاتێك لـە نـاوەوە هێـرش بـۆ سـەر فەلسـەفە دەبـا و بـە نـەزۆکی تاوانبـاری

دەكـات, ئەوكاتــە فيكـرى خۆرئــاوا هەڵدەســێ بــە دانـــانى ســـەرەتاى هـــەموو حەقيقـــەتێك كـــەپێ گەيشتووەو دەيكاتــە بابـەتى پرسـيار كـردن, تــاكو لەبەرامبــەر نوێكانـدا خـۆى بكاتــەوە, كـە ئێسـتا فيكـرى خۆرئــاوا پێگەيشــتووە و سەركێشــەيەكى نوێى تەقاندۆتەوە.

سەرچاوەى

الفكرالعـــرب 1980 نووســـينى(د. جـــورج زيتانى) المعاهر عدد/7/6 تشرين الاول والپانى

بەهای هەڵوەشانەوەگەری
هەر داهێنەرانن لە کاتی بونیادنانەوە هەست بە بەهای هەڵوەشانەوە دەکەن

"ئەگەر هەڵوەشانەوەگەری بەراستی رووخێنـەر بێ..
دەبا لە پێناو لەنوێ بونیادنانەوەدا هـەموو بونیـادە کۆن و شێواوەکان تێکبشکێنین"
"دریدا"

ئەو سەردەمە سەردەمێکە, ناودژیی تیایدا لە زیاد بووندایە, هەروەها وا پێدەچێ کە بەرهەمو کۆی ناودژییەکانی بۆ کەسانێك روونو ئاشکرا بن, کە بە شێوەیەکی ئەزموونگەریو بونیادگەری فیکرییانە لە رێگەی رەخنەوە ئەو مەسەلانە هەڵدەوەشێنێتەوە, بەمجۆرەش هەرگیز ناتوانین لەو میتۆدە رەخنەییە دوور بکەوینەوە کە دریدا لە کۆتاییەکانی ئەو سەردەمە گەڵاڵەی کردووە. ناوبانگی دریدا لە ئاسۆی رەخنەوە بەرز بۆوە, بەرلەوەی وەك فەیلەسوفو مێژوونووسو بیریارێك دەربکەوێت, دریدا لە رێگەی فیکرە رەخنەییەکەی کە لەگەڵ رۆحی سەردەم دەهاتەوە, توانی بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە میتۆدەکەی بە هۆی مەدلولە رەنگاورەنگەکانی بە شێوەیەکی زۆر

زرینگ‌و چالاکانه پراکتیزەی بکات, بەمانایەکی دیکە هات لە ڕێگەی مەدلولە جۆراجۆرو ئالۆزەکانییەوە هاوژیانی لەگەڵ ئەو سەردەمە هەمەرەنگ‌و سریالییە بکات‌و لە هەموو بوارەکانی رەخنەدا سوودییان لێوەرگرێ, ئەوەش بەرهەمی ئەو پرۆژەیە بوو, کە لە دنیادا دەستەیەك لە ئەدیب‌و بیریارانی بە خۆیەوە سەرسام کرد, بەڵام خودی ئەو مەسەلەیە بە فیکرو گوتارەکانی دریداوە پەیوەست نەبوو, بەڵکو بۆ پراکتیزەکردنەکانی دەگەڕێتەوە, چونکە لە توێی ئەو پراکتیزەکردنانەدا کۆمەڵێك دەلالەتی بەهێزی وای هێنایەوە کە پێشتر هیچ کەس دەستی بۆ نەبردبوون.

دریدا سەرەڕای سەرکەوتنی لە بەکارهێنانی میکانیزمی میتۆدەکەیەوە. لە نێو فیکری نوێی

جیهانیشدا به راستی توانی هاوسەنگییەك لـە نێـو فەلسـەفەی (چەسـپاو) بـۆ خـۆی بدۆزێتـەوە, واتـە خوێندنـەوەکانی بـووە هـۆی ئـەوەی لـە یـادەوەری رەخنـەدا کۆمـەڵێك کارلێکـەری بـە نـاوی ئـەوەوە ناوزەد بکرێ.

ئەگـەر سـەیری فیکـری دریـدا بکـەین, دەبیـنین کاریگـەری کۆمـەڵێك میکـانیزمو میتـۆدی هاوچـەرخی بـە سـەرەوەیە, لەوانـەش بونیادگـەریو فیۆلۆژیو ئەرکیۆلۆژیو مێـژووە کلاسـیکییەکانو نووسـینە سیاسـییەکانو ئیبداعـە ئەدەبییـەکان... سـەرەڕای ئـەوەش ئـەو پیـاوە رسـتێك رەگـەزی لـە ئـەدەبیاتی لاهـوتی بـە پـەراوێزکراوی لـەخۆدا هەڵگرتبوو, نەك هەر بۆ هەڵوەشانەوە, بەڵکو هـەر لەو رێگەیەوە چاوی بە دنیا هەڵێنا.

ئەگەرچی لە دنیادا فەلسـەفەکەی هـەر کاریگـەری لــە ســەر ئەوانــە هەیــە کــە تیایــدا پســـپۆڕن‌و لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە کردووە, بـەڵام ئەگـەر ئـەو کاتــە بــە بــیر خۆمــان بهێنینــەوە کــە زانکــۆی (کیمبۆرگ) لە فەلسەفەدا بۆ دکتۆرا ناوی کاندیـد کــرد, کۆمــەڵێك لــە پســـپۆڕان‌و زانایــان هاتنــە بــەرەنگاری کــردن, نــەك هــەر دژی فەلســەفەکەی بەڵکو دژی خودی دریداش وەستان, هەر بۆیە دریدا وەسفی خۆی بە جۆرێك کـرد کـە بـەهیچ شـێوەیەك پەیوەندی بە فەلسەفەوە نییە, بەڵکو ئـەو بـۆ خـۆی تەنها کابرایەکی هیچگەراییەو هیچ لەوە ناگات کە دەیڵێ.

بەراستی دان بـەوە دادەنـێم کـە لـە هەڵوەشـانەوەی رەخنەییــدا زۆر کــەڵکم لــە میتــۆدی دریــدایی

وەرگرتووە, بەڵام زۆر بە درەنگەوە, هەروەها کاتێک وەک ئوستادێکی میوان لە فەرەنساوە هاتە زانکۆی (ریدنك) لە بەشی فەلسەفەی زمان لێکچەرێکی پێشکەش کرد, کاریگەری ئەو لێکچەرە بەسەرمەوە زۆر بوو, پاشان لە ساڵی (1977) لە زانکۆی ئۆکسفۆرد سەردانی کۆلیژی (سانت ئەنتۆنی) کرد, بەڵام لەوێ هیچ لێکچەرێکی پێشکەش نەکرد... ئەو کات گەنجێکی قژ پڕو کەمدوو خاوەن تێڕوانینێکی تیژ بوو, زۆر بیری لە جۆری ئەو پرسیارانە دەکردەوە کە بەرەو رووی دەکرانە, بەر لەوەی قسەیان لە بارەوە بکات. لەوێ کۆمەڵێ بیرکردنەوەی بە من بەخشی, هەر ئەو فیکرانەی ئەوێ پاشان بوونە هەوێنی بەرەو

پێشبردنی پرۆژەکەی‌و کاری لە سەر کردن, بەڵام ئەو کات ئەوەندە ناسراو نەبوو.

دریدا کۆمەڵێ لێکچەری بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد, بەڵام رستێك لە زاراوەی لاتینی بەکار دەهێنا کە دەکەونە نێوان هەردوو زمانی ئینگلیزی‌و فەرەنسییەوە, ئەو کات زۆر لە ئوستادو قوتابیانی خوێندی باڵا ئامادەیی ئەو لێکچەرانەی دەبوون, ئەو کات دریدا گەنج بوو, سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێك دەقی فوکۆیی دابووە بەر رەخنەی هەڵوەشاندنەوە, بەڵام لەگەڵ ئەوەش زۆر بە فەلسەفەی (فوکۆ) کاریگەر بوو, ئەو کات کە دریدا رەخنەی لە (فوکۆ) دەگرت, زۆر لە دەزگاکانی بڵاوکردنەوە بە دوای تەرجەمەی کارەکانی (فوکۆ) رایاندەکرد.. بەڵام ئەوەی کە لای

دریــدا تەئکیــدی زێــتری لێدەکرایــەوە بابــەتی زمانەوانیو زاراوەکان بوو.

دێتــەوە یــادم کــە بــە هــۆی ئــەو رەخنــە توونــدو هەڵوەشانەوەئامێزەی کە دریدا ئاراستەی میتـۆدی ئەمبیرقیو دامەزراوەکانی زانکۆ(واتـە ئـەکادیمیای کـۆنی بـەریتانی) دەکـرد, دژبوونەوەیـەك دروسـت بــوو, چــونکە دریــدا وەك خــۆی وەســفی دەکــرد, پێیوابوو کە هێشتا (زانکۆیەك کە سەرپێچی عەقڵ بکــات-مەبەســت لــە لێــدانی ســێنترالیزمییەتی عەقڵەنو/کوردی)و بەرهــەمهێن بـێ دانەمــەزراوە. هەروەها پێیوابوو هەموو دامەزراوە ئەکادیمییـەکان نەزۆکنو هـەر تـەنها یـەك خولیایـان هەیـە ئـەویش ئەمبریقیەتــەو ئــەو ئەمبریقییەتــەش هــەڵگری گوتـارێگی باڵایـە, کـە دواجـار لـە دەرئـەنجامێکی

تێپەڕدا خۆی هەڵدەگرێتەوە, دریدا دەڵێ ئەوەش وامان لێدەکات کە بە جیدی رەخنەی خۆمانی ئاراستە بکەین, بەڵام سەرەڕای ئەو میکانیزمانەی کە بە بیرکردنەوەمەوە پەیوەستە, من بە تیۆرگەلی دیکەوە سەرقاڵم!

گفتوگۆی نێوان ئێمەی قوتابیو دریدا لە بارەی پۆست مۆدرێرنەوە

قسەکردنی ئەو وەك تەلیسم وابوو جگە لەوانەی کە شارەزان لە زانستی زمانو زانستی فۆنیم.. کەسی دیکە تێینەدەگەیشت, ئێمە کە سێ قوتابی دوو کوڕو کچێك بووین, لە فەلسەفەی مێژووی نوێ ئامادە دەبووین... من بۆ خۆم توانای زمانم ئەوەندە

نەبوو کە بتوانم ئەو زاراوە زۆر ئاڵۆزانەی ئەو هەرس بکەم, هەروەها نەمدەتوانی واتەواتە تایبەتەکانی ئەو تێبگەم, چونکە ئەوەی ئەو دەیگوتو لەگەڵ ئەوەی ئێمە لە میتۆدی زانکۆدا دەمانخوێند دژی یەك دەکەوتنەوە, هەروەها جگە لە کۆمەڵێك بنەڕەتی سەرەکی وەك سێنتەرالییەتو سێنترالییەتی بابەت نەبێ, ئەگینا هیچی لێحاڵی نەدەبووین.

ئەو کاتەی (ب کیمب)ی هاوڕێم لە زانکۆی ئۆکسفۆرد لە (سانت ئەنتونی) مامۆستامانو مێژوونووسی بەناوبانگ (ئەلبرت حورانی) کۆتایی بە سەرپەرشتکردنی نامەکەی هێنابوو, لە دریدای پرسی ئایا هەڵوەشانەوەگەری بۆ دەقی مێژووی سوودمان پێدەگەیەنێ.. ئەو کات هەندێ خاڵم لە

دەفتەری سەرنجەکانی خوێندندا تۆمار کرد کە من وامدەبینی بە نیسبەت میتۆدی هەڵوەشانەوەگەری مێژوویی زۆر گرنگ دەکەونەوە, دواجار من لە کتێبی (هەڵوەشانەوەی پەیکەر) کە لە ساڵی (2000) دەرچوو بەدواداچوونم بۆ کرد, هەروەها دێتەوە بیرم کە ئەو کات دریدا دەربارەی ئەو پرسیارانە دوا, کە ئێمە بە هاوەڵی هەر یەك لە هاورێی ئەڵمانیم (تۆماس لنك)و(سابینا دودنباخ) خستبوومانە روو,, بەلام هیچ یەك لە ئێمە چەمکەکانی بە هەند هەڵنەگرت... ئەگەرچی پاشان بە تایبەتی لە بواری پرۆسەی رەخنەی ئەدەبو زمان بە گرنگ کەوتنەوە, هەر هەمان شتیش دەشیا لە پراکتیزەکردنی دەقی مێژوویی زۆر سوودییان هەبێ, بەلام ئەوەش دەبایە بە پێی

ئەو ملكەچبوونانە بایە كە لە بنەڕەتدا دریدا بۆ هەڵوەشانەوەگەریی دەیویست.

ئەو سەرنجانەی كە هەستم بە گرنگیان كردبوو, لەو بارەوە تۆمارم كردبوو, بەڵام ئەو گرنگییە بۆ من كەوتە ئەو ساڵانەی دوایی كاتێك كە بە ئەزمونی میتۆدگەرایی‌و مەعریفی‌و فەلسەفە جۆراوجۆرەكاندا رەتبووم. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێم ئەو كەسەی كە نەتوانێ دەق لە ناوەوە بخوێنێتەوە, نەتوانێ سێنتراڵییەتی دەق بۆ بەیانكردنی حەقیقەت كەشف بكات, ناتوانێ لە خوێندنەوەی دریدادا سەركێشی بكات, نەك هەر هێندە بەڵكو خوێندنەوەی دریدا كاتی بە فیڕۆ دەدا.

دریداو تیۆری هەڵوەشانەوەو پۆست مۆدێرنە

میتـۆدی هەڵوەشـانەوەگەرێتی لـە بـواری رەخنـەی ئەدەبیدا یەکێکـە لـە گـرنگترین ئـەو بزاڤانـەی کـە دەکەونــە دوای بونیادگەرییــەوە, ســەرەڕای ئــەوەش گەورەترین بزاڤـە کـە تـاکو ئـەمڕۆ دەمـەتەقێیـەکی گەورەی وروژاندبێ. لـە دوایـین(25)سـاڵی سـەدەی بیستەم لە بەرامبەر ئەو میتۆدە گەورەترین حاڵەتی ناودژی لەنێوان هەوادارانو دژەکەی کەوتەوە, هـەتا ئێستاش بە تایبەتی لەو ساڵانەی دواییدا بە یەکێك لە تیۆرەکانی رەخنـەی ئـەدەبی دێتـە ژمـاردن, لـە لایەك لە کۆڵەکەکانی ئـەو رەخنەیـە بـۆ نموونـە (ج. هیلیس میلەر, پۆل دیمان, جیفری هارتمان, هارلۆد بلوم)دەگرێتەوە, ئەوانە بۆ خۆیان سەرەڕای جیاوازی شـێوازو هەسـتیارییان لــە دوو ئاسـتی تیـۆریو پراکتیکی پێشەنگی هەڵوەشانەوەگەریی دەکەن, لە

لایـەکی دیکـەش کۆمـەڵێك ڕەخنەگرکـە دەکەونـە خانەی ڕەخنەی تەقلیدییـەوە, هەڵوەشـانەوەگەری بـە بـێ مانـاو وێرانکـەرو زیانبـەخش دەزانـن, بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ سێنتەرێك چ لە ئەوروپاو چ لە ئەمریکا نـەیتوانیووە بـەهای ئـەو میتـۆدە نوێیـەی ڕەخنە پشتگوێ بخات.

دەشێ بڵێین تیۆری هەڵوەشانەوەگەری پێویسـتی بـە کۆمـەڵێك شـیکردنەوەی نـوێ هەیـە, بـەڵام هـەر ڕەخنەگرێ کە بۆ شیکردنەوەی ئەو تیـۆرە هەوڵبـدا پێویستی بە پێناسەکردنی هەڵوەشانەوەگەری نییە, چونکە خودی ئەو تیۆرە ئاڵۆزو بە یەکداچووە ڕێگـا لە پێناسەکردن دەگرێ, بەڵام بە پێچەوانەی ئـەوەش مـرۆ دەتوانـێ هـەوڵی ڕاڤـە کردنـی ئـەو زاراوە بنەڕەتیانـە بـدات کـە دریـدا بـۆ هەڵوەشـانەوەی

ڕەخنەی تەقلیدی فۆرمگیری کردوون, هەروەك چۆن دەشێ ڕاڤەی ئەو زاراوانەش بکات, کە ڕێگا بۆ کردەی هەڵوەشانەوەگەری خۆش دەکەن, ئەوە بۆ خۆی دەبێتە هەنگاوی یەکەم کە من لێرەوە پێی هەڵدەسەم و دوای شیکردنەوەو وەسفکردنی ئەو زاراوانەی کە دریدا بەرهەمی هێناوە, وەڵامی ئەوە دەدەمەوە کە چۆن دەتوانین لە ڕێگای ئاراستەکردنی ڕەخنەییەوە هەڵوەشانەوە ئەنجام بدەین.

وەك بێلایەنێك دەڵێم هەڵوەشانەوەگەری ئەوە نییە, کە پێی دەڵێن ناماقوڵ یان ناپەسەند, چونکە هەڵوەشانەوە هەڵگری ناواخنێکی ڕۆحییە. لەو ساڵانەی دوایدا نووسینو کتێبەکانی دریدا زۆر یارمەتییان داوم هەروەها لە دووتوێی میتۆدی

خوێندنمـدا یـەکێك بـوون لـەو وێسـتگانەی کـە بەراسـتی لـە خوێندنـەوەی دەق فریـام کـەوتوون, لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە دوای دژە نووسـینانەکانی ئـەو میتۆدەشدا چوومە, چـونکە هەنـدێك لـە نـەیارانی وایان بـڵاو دەکـردەوە کـە ئـەو میتـۆدە دەق وێـران دەکـات. بـەڵام ئایـا بـە راسـتی هەڵوەشـانەوەگەری وێرانکردنـە؟. وابـزانم باشـترین بابـەت کـە لێیـەوە بتوانین وەڵامـی پـێ بدەینـەوەو لـەوێوە پراکتیـزەی مەبەسـتەکەمانی پـێ بکـەین کتێبی(گراماتۆلۆژیا)یە, ئەو کـارە بـەرزە دریـدای فەیلەسوفو رەخنەگری فەرەنسی بەرهەمی هێناوە, دەکـرێ وەك زمـانی هەڵوەشـانەوەگەری تەماشـای بکەین.

مـن لـەو بڕوایـەدام کـە ئـەو لێکۆڵینـەوەی دریـدا دەیخـــوازێ, هــــەروەها تیــــۆری دریـــدای لــــە هەڵوەشـانەوەدا بەرامبــەر دوو تەگـەرەی سـەرەکی دەبێتـەوە, یەکـەمیان مـن وای دەبیـنم کـە خـودی شێوازی دریدای لـە تـوێی زاراوەو چـەمکەکانییەوە وڕوژانو سەرســـوڕمان لـــەخۆ دەگـــرن. بــەڵام دووەمییـان ئـەو زنجیرە بیروڕا رەخنەئامێزەیـە کـە سەرەڕای ئەو پڕشنگانەی کە دریدا خستوویەتە سەر هەندێك لـەو چـەمکە گرانانـە, هـەروەها ئەگەرچی فۆرمگیریشــی کــردوون, بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا دەکەونە ژێر بەد تەئویلی, یان ناشێ تـەئویلیان بـۆ بکــەین, مــن لێــرەوە بــەر لــەوەی چــەمکەکانی هەڵوەشانەوەگەری هەڵسەنگێنمو وەسفیان بکـەم بـە

شـێوەیەکی ڕەخنـەیی هەنـدێ قسـەیان لـە بـارەوە دەکەم.

ئـەوەی جێگـای بـە بـیر هێنانـەوە بـێ"نووسـین" و "ئاخافتن" دوو تەوەرەن کە دەشێ لەوێوە دەست بـە تێگەیشتنی خۆمان بۆ هەڵوەشانەوەگەری بکـەین, ئەو دوو وشەیە لە تێگەیشتنی تەقلیدیانەی زمانـدا دەلالـەتی تایبـەت بـە خۆیـان هـەڵگرتووە. ئـەو تێگەیشـتنەش لـە بـەرایبوونی ئاخافتنەوەیـە(واتـە ئاخاوفتن-عـەقڵ بە سێنتەر دادەنـێن- و/کـوردی) هەنـــدێکیش لـــە ڕەخنـــەگران بڕوایـــان وایـــە هەڵوەشانەوەگەری کە دریدا هێناویەتە ناوەوە لە بـە سـێنترالبوونی عەقڵـەوە بـەرەو بـە سـێترالبوونی نووسینمان دەبات, ئەو سەرنجە نیاز پاکی تیا نییە, بۆیە بەر لەوەی گوزارشت لـە دەلالەتـەکانی بکـەین

دەبێ راڤەی بکەین, هەروەها من وای دەبینم باشترین رێگە بۆ روونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە ئەوەیە کە لە رێگای پێوانەوە هەوڵی بە ساکارکردنی بدەین.

دریدا ئەو جۆرە نووسینەی کە چەمکی زمانی تەقلیدیو زمانەوانی نوێ پشت گوێ دەخات, بە "نووسینی بازاڕی" ناوزەد دەکات. بەو مانایەش رەخنەگرتن لە هەر قەسیدەیەك واتە کەشفکردنی ماناکانی ئەو قەسیدەیە, ئەو مانایەی کە دەشێ فیکرەو چەمکەکانی بە فیکرەی دیکەوە پەیوەست بکەین, پرۆسەی کۆکردنەوەی فیکرەکانو بە یەکەوەلکانیان لە تێگەیشتنی ئێمەوە بۆ کەینوونەی باڵا دەگەڕێتەوە.

دریدا کێیە؟

پێشـــەنگی قوتابخانـــەی هەڵوەشـــانەوەگەرییە لـــە ڕەخنەدا, دەڵێن کە یەهودییەکی فەرەنسیو ئەسـڵی جەزائیرییە, لەو (دە) ساڵەی دوایدا, لـەپاش ئـەوەی لـە پانتـایی زانسـتیو فەلسـەفی ئەوروپییـدا بـە شێوەیەکی زانستی میتۆدەکەیکێشـیکی بـۆ خـۆی پەیدا کرد, ناوبانگێکی جیهـانی بـە دەسـت هێنـا. هـەروەها قوتابخانەکـەی لای هەنـدێ لـە لێکۆڵـەرو ڕەخنەگران بە یەکێك لە قوتابخانە هـەرە گرنگـەکان دێتە ژماردن. دریدای فەیلەسوف جۆرێکی تایبەتە, لە دووتوێی زمانەکەی خۆیدا ئاینو ئـۆین دەکـات, بەڵام بە وردبینییەکی لە پێوانە بەدەر توانـای خـۆی لـــە تێگەیشـــتنی زاراوەکانـــدا بـــەکاردەهێنێو هوشیاریش لە چـەمـەکاندا, وەك دەزانـین دریـدا بـە

سەوداسەری میتۆدێك دەژمێردرێت كە بە هەڵوەشانەوەگەری ناونراوە,ئەو میتۆدەش تا رادەیەكی زۆر لە پەرتبوونو دووبارە هەوڵدان بۆ بونیادنانەوەیەكی نوێ دەچێ, هەندێ لەوانەی دراسەیان كردووە, پێیانوایە دریدا چێژ لە رەشكردنەوەی ئەو یەكێتیە وەردەگرێ كە ئەدەبو فەلسەفەو سیاسەت وەك سێ بۆگەنكردوو بە یەكەوە كۆدەكاتەوە, بەڵام ئەو لەیەكجیاكردنەوەی ئەویش هەر تەنها وەهمەو لە حاڵەتی ئەو شێتە دەچێ كەدەیەوێ زمانێكی یاخی دابمەزرێنێ تاكو دنیا بەو هەموو كۆشكو تەلارانەی كە لە سەر سێنترالیبیەتی(عەقڵ) دامەزراوە, لە پانتاییەكانی نووسیندا هەڵوەشێنێتەوە. هەر ئەوەشە پاڵ بە دریداوە دەنێ لە قوڵایی شێتبوونی خۆیەوە

بنووسێ, پێناسێك هەڵگرێ كـە جـێگیر بـوونی بـۆ نییە, نووسـینێك بنووسـێ كـە لـە نووسـینی هـیچ سـەردەمو كاتێـك نەچـێ, دەمێكـە دریـدا بـە شـێوەیەكی زۆر ترسـناك تاوانبـار دەكـەنو وای لێدەكەن كە بكەوێتە پەراوێزی ئاكارەوە, بـەڵام ئـەو مەسـەلانە بـۆ دریـدا جێگـای دڵخۆشـین, چـونكە دەزانـێ هەرتـەنها میتۆدەكـەی ئـەوە كـە بتوانـێ هەڵوەشـانەوە ئـەنجام بـدا, میتـۆدی ئەوانیدیكـە ناتوانن خودی ئەو هەڵوەشێننەوە.

كتێبی (گراماتۆلۆژی) گرنگییەكەی لەوەوە دێ كە بە بێ وەستان چینە بە سەر یەك كەڵەكە بووەكـان, یەك بە دوای یەك لادەبـات, بـێ ئـەوەی چـڕی دەقو تەرەسـوباتی زەوی بـەرایی دەق بێتـە هـۆی دانـای سـنورێك بـۆ هەڵوەشـانەوە, هـەروەها دریـدا مانـا

جێگیر ناکات هەر تەنها بۆ سەرفرازبوونی مانا نەبێ, ڕێی هیچ سێنتەرێك ناگرێتە بەر تەنها بۆ شوێن گۆڕین‌و لە نەخشە لادانی نەبێ, هەروەها دەیەوێ لە تەوەرەکەیەوە بیگوازێتەوە, هەموو ئەوانەش لە تویێی کردارێك بە جێ دەهێنێ کە لە وەرگێڕانەوە دوور نییە, وەك چۆن دەیەوێ شتەکان لە خودی خۆیان دووربخاتەوەو پارچە پارچەیان بکات, تاکو لەوێوە شوناسەکەیان لێ ون بکات ئەو شوناسەی کە دەکەوێتە پشت کەڵەکە بوون‌و گواستنەوەو لادانە بێ سنوورەکانەوە, لەو ئاستەدا دەشێ ئەنجامگیری دریدا وەك (هێزێکی تێکدەر) دەربکەوێ کە تەنها لە پێناو ڕەشکردنەوەی بنەڕەت‌و تەقاندنەوەی پارچەکانی نەبێ دەست بۆ هیچ شتێك نابات. هەرلێرەوە بە دواداچوون‌و

سـيتيماتيزەكردنی فیكـری دریـداو گفتوگـۆكردن لەگـەڵ ئـەو فیكـرە لـە كـۆی یەكەیەكـدا قـورس دەكەوێتەوە.

ئایا لە لێكچەرە كۆنەكانی دریدا چ سوودێكم وەرگرتووە؟

وەك دەردەكـەوێ ئـەو لێكچـەرانەی كـە لـە سـاڵی (1977) لـە زانكـۆی (ئۆكسـفۆرد) پێشكەشـی كـردوون هـەمان شتیشـی لـە زانكـۆی (ردنـك) ی ئینگلتـەرە پێشـكەش كـردووەو مـن لـە هـەر دوو لێكچـەردا بەشـداریم كـردووە, لـەو لێكچـەرە جەوهـەری كتێبـی (گراماتۆلۆژیـا)ی پێشـكەش كـردین, بـە تایبـەتی كاتێـك بـەراوردی پاڵشـتو

دەرچوونەکانی ئەو کتێبەی بۆ کـردین, ئـەو کتێبـە بۆ خۆی رستێکە لە میکانیزم‌و ماناو شـتگەلێکی بەهرەبـەخش‌و رێـك‌و پێـك بـە تایبـەتی بـۆ ئـەو رەخنەیەی کە توانای چارەسەری هـەموو دەقێـك بـە تایبەتی دەقی مێژوویی ئینجا دەقی سیاسی پێیە, دەشێ ئەو مـیکانیزمەی دریدا بۆ ئـەو دەقانـەش بـە کـار بهێـنین کـە بـەر لـە سـەدان سـاڵ نووسـراون, ئەگەرچـی دەکەوینــە نێــو پرۆســەیەکی ئــاڵوزو قورســــەوە, بـــــەڵام دەتــــوانین دەرئــــەنجامی سەرسامکەریان لێ بە دەست بهێنین.

دەشـێ گـرنگترین ئـەو پاڵپشـتانەی کـە دریـدا لـە میـتۆدی هەڵوەشانەوەگەری بەکاری هێناون, بەجۆرە کورتیان بکەمەوە یەکەمیان: نووسـین بـۆ خـۆی لـە خـۆوەو کتـوپڕ دێ (مـەعریفـەی نووسـراویش واتـە

رەنگدانــەوەی نووســراوەکان, بــەڵام بــە بــێ ئــەوەی پێیان بزانێ, بە بێ ئـەوەی درك بــە بنەڕەتــەکانیان بکـــــات), چــــــونکە وەك (ســــــوقرات)و (فیـــدرۆس)و(ئـــەفلاتوون)دەڵـــێن نووســـین لـــە ئەفسانەوە سەرچاوەی گرتووە.

دووەم: لای دریـــدا لـــە نووســـیندا پڕۆســـەی هەڵوەشانەوە (پێویســتە, بــەڵام درۆئامێزیشــە) بــۆ خۆی دەبێتـە تەلەزگەیـەکی لـۆژیکی نـەك هـەر بـۆ کەشـفکردنی وەهمـەکانو بـەس, چـونکە نووسـەری کارا لەگەڵ خۆیدا خودێکی فرە جۆرو ناودژە, هـەر وەك دەق چۆن ناودژو فرە جـۆرە, ئـەوەش بـەردەوام لـە دووتـوێی هەڵوەشـانەوەی شوناسـی دەلالەتـەوە تەعبیر لە گواستنەوەی مانای ئامادە دەکات.

سێیەم: جەختکردنی هەڵوەشانەوەگەری هەر تەنها لە سەر کەشفکردنی وەهمەکان ناوەستێ, بەڵکو ئەو کەشفکردنەیە کە هونەرمەندان لە هونەری نووسین پرۆسیسەی دەکەن و لەو کەشفکردنەدا خەڵك هەبوونی راستیە درۆئامێزەکانیان وەك وەهم دێتە بەرچاو, بە تایبەتی لە هەندێ مەسەلە کە بۆ زانینی زۆر تینوون.

<u>سەرچاوە:</u>

لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە.

بەشێکە لە کتێبێکی (د. سیار جمیل) بە ناونیشانی (نسوە ورجال: ژکریات شاهد الرویە:القید)

لە هەندێ شوێن کەمێ دەسکاریم کردووە, بەڵام ناوەڕۆکی بابەتەکەم نەشێواندووە(و:کوردی).

چەمکی زانستی‌و رەخنە لە سێنترالیزم خۆرئاوایی

هەموو ئەو لێکۆڵەرو بیریارە خۆرئاواییانەی کە رەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی دەگرن, وەك شەبەنگێکی لە یەکنزیك دەردەکەون, بۆ نموونە (کلۆد لیڤی ستراوس) کە زۆر لەو چەمکانەی لەق کردووە کە زانستی ئەنترۆپۆلۆژیای لە سەر بونیاد نراوە, نەخوازە چەمکەگەلی کۆمەڵی سەرتاییو خزمایەتی‌و ئەفسانەو هتد, خودی ئەو کارەی

ستراوس نەوەیەك لە ئەنترۆپۆلۆژیەكانی وا لێكرد كە چاو بەو پرنسیپانە بخشێننەوە كە (بالاندییە) وەك بنەڕەتێك لەپشت كۆلۆنیالیزمەوە دەیانبینیٚ, لەوێشەوە دەیانەوێ زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا وەك زانستێكی سەربەخۆ كە بە دراسەكردنی گەلو ترادیسیۆنەكانەوە بەندە, بخەنە بەرچاو.

بەڵام (میشیل فوكۆ) ئەركە سەرەكییەكەی لەو بۆچوونە نوێیەوە دەردەكەوێ كە بۆ بەدواداچوونی مێژوو هەیەتیو لەوێشەوە دەیەوێ بە ناوكۆیی گەشەی مێژوویی خۆرئاواوەوە بەندی بكات, سەرەڕای ئەو رەخنەیەی كە دەیگرێتە خولیای مرۆڤی خۆرئاوایی, دەسبەسەراگرتنی حەقیقەت لەلایەن ئەو مرۆڤەو چەسپاندنی زانستی خۆرئاوایی

به تایبەتی لـە سـەر هـەمان حەقیقـەتی نـاوبراو بـە سەر گەلانی دیکەوە.

هەروەها (جاك دریدا) هات تاکو چەمکی نووسـین لە فیکری خۆرئاوایی لەق بکات, چـونکە ئاخـافتن هەر لە ئەرستۆوە لە سەر حیسابی نووسین بـە پـیرۆز دادەنرێ, دریدا لـە کتێبـی (گرامـانۆلۆژیـا)دا وەك دەق و مێژووو کەلەپور سەیری نووسین دەکات.

دواجار دەتوانین بلێین شەپۆلی پۆسـت مۆدێرنـە لـە بـاری تیـۆری و فیکرییـەوە پشـتی بـەو چـەمکانە بەسـتاوەو بەشـداری لێکترازانـی بەسـێنتەربوونی خودی خۆرئاوایی کردووە, ئەو خودەی کە خـۆی بـە خاوەن و هەڵگری رۆشنگەری خۆرئاوایی دادەنێ.

بـەڵام چـەمکی زانسـت کـە بـە کلیلـی شۆڕشـی پیشەسـازی دادەنـرێ ئـەو شۆڕشـەی کـە ئـەورووپای

نـوێی دروسـت کـرد, لـە سـەر ئاسـتی بنـەڕەتو پرینسـیبەکانی خۆرئاواییـەوە نەکەوتۆتـە بـەر ڕەخنـەوە, بـە قـەد ئـەوەی ڕەخنـە بۆخـۆی لـە سـەر هەمان ئەو ڕێسایە ڕابۆتەوە کە خـودی زانسـتی لـە سەر بونیاد نراوە.

(فیربانـد) تاکـە بیریارێکـە کـە ڕەخنـەی خـۆی لـە دووتوێی گەشەی ناوکۆیی‌و بواری تیۆری‌و زانسـتی ئاراستەی چەمکی زانست کردووە, هەروەها لە سەر حیسـابی ئەفسـانەو ئەسـتێرەگرتنەوە گومـانی لـە پێشخستنەکانی خۆی کردووە, کتێبەکـەی(زانسـت لـە کۆمـەڵگـەی ئـازاد) کـە -ئەلسـەید نـەفادی- تەرجەمـەی زمـانی عـەرەبی کـردووەو لـە دووتـوێی پرۆژەی ناسیونالیزمی بۆ تەرجەمـە بڵاوکراوەتـەوە, هـەڵگری جیاکارییـەکی فیکرییـە کـە لـە هـەمان

بـواری نـاوبراودا دەخولێتـەوە. ئـەوەی کـە زانـراوە ئەوەیە کە فیرباند سـەرەتا لـە شـانۆیی ئەڵمانییـەوە هاتۆتە ناوەوە, بە تایبەتی لەگـەڵ تیبـی (برێخـت) دەسـت بـە کـار بـووە, لـە پاشـاندا کەوتۆتـە دوای (ئیرنهافتی فیزیایی), ئیرنهافت هەر یەك لە تیۆری نسـبی (ئاینشـتایین)و چـەندایەتی (مـارکسـی) رەتکردۆتەوە, هـەروەها بـە نیسـبەت عەقلانییـەتی زانستی بـەردەوام هەڵوێسـتی پەڕگیرانـەی هـەبووە, پاشان فیرباند چـاوی بـە (کـارل پۆپـەر) کـەوتووەو کارل پۆپەر خاوەنی ڕێبـازی واقیعییـەتی رەخنـەیی بـووە, فیرباند کەوتۆتـە ژێـر هەنـدێ لـە فیکرەکانییەوە, بەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا بـە ئەسـیلی نـەزانییووە, بۆیـە نکـۆڵی لـەوە کـردووە کـە وەك یارمەتیدەرێك کاری لەگەڵدا بکات.

پاشان هەوڵی موناقەشەکردنی مەسەلەی عەدەمی داوەو ڕێچکەیەکی جیای بە لێکۆڵینەوەی زانستی بەخشیووە, وێنەگەلێکی جیاوازی لە بارەی ناعەقلانییەتی زانستی کێشاوە, لە تویێی ئەو وێنەگەلەشدا نکۆڵی لە ڕێچکەی زانستی یان بابەتییانە کردووە, هەر لەوێشەوە بانگەشەی ئەوە دەکا کە ئەگەر پێشکەوتنێکی قابیلی جیاکاری زانستیو قابیلی درککردن لە ئارادابێ, ئەوە خۆی دەبێتە دەرئەنجام, چونکە زانایان هەموو ئەو ڕێسایانەی تێکشکاندووە کە قابیلی عەقلانییەتە.

فرە حەقیقەتی

بەمجۆرە ئەو دێ بە نسبەت زانست بەرگری لە فرە حەقیقەتی دەکات, هەروەها فرەیی بۆ خۆی

شەقڵێکی جەوهەری هەموو ئەو مەعریفانەیە کە بانگەشەی بابەتخوازی دەکەن, چونکە فرەیی ڕێگە بەوە دەدا کە بە توونـدی رەخنە لە فیکرە مەقبولەکانیش بگیرێ, نەك لەگەڵ ئەو رووداوانە بەراود بکرێن کە لە باری تیۆرییەوە خۆیان بە سەربەخۆ دادەنێن, بۆیە فیرباند بۆ ڕێبازی وانەگوتنەوە (ڕێبازێکی داهێنەرانەی تایبەت) داوا دەکات, چونکە پێیوایە دەبێ لە پاڵ بیۆلۆژیای گەشەکردو, فیزیای چەندایەتی و نیسبییەتدا شوێنێك بۆ سیحرو ئەستێرەگرتنەوەو جادوگەری لەئارادا هەبێ, هەروەك لێرەدا دەبێ ئازادییەکی تەواو لە تاقیکردنەوەی (سیستەمی مەعریفە) لە ئارادابێ, تاکو مرۆڤ بتوانێ دایبڕێژێ, هەر لە بەر هەندێ فیرباند دروشمی (هەموو شتێ بە ئاسایی

بەرێوە دەچێ)ی بەرزکردبۆوەو پێیوابوو کە ئەوە تاکە پرنسیبێکە کە ناتوانێ پێشکەوتنی زانست جڵەو بکات, هەروەها تاکە هۆیەکە بۆ تێگەیشتنی مێژوو.

لە دوای ئەوەوە فیرباند لە پێناو بەرگریکردن لە کۆمەڵگا, هەڵیکوتاوەتە سەر ئەو هێرشە بەربڵاوەی کە بە دژی زانستو پیاوانی دەکرێ, ئەو وایدەبینی کە کۆمەڵگای سەربەست دەشێ شوێنی هەموو جۆرە بیرورِاو ئایینزاو رێکخراوێکی خۆرئاوایی تیا ببێتەوە. هەروەها پێیوابوو کە ئەو سەرکەوتنە گریمانکراوەی خۆی بەهاوپەیوەستی زانست دادەنێ, دەشێ دەستدرێژی کردن بێ بۆ سەر زانستو بۆ زۆربەش وەك بابەتی ئیمان تەماشا بکرێ, سەرەرِای ئەوەش زانست سیستەمێکی تایبەتی ناگرێتەوە,

بەڵکو بەشێك لە بنەڕەتی سەرەکی کۆمەڵگا پێکدەهێنێ. بۆیە وەك دەردەکەوێ تاکە ڕێگایەك بۆ کۆنترۆڵکردنی کەڵەگایانەی زانست لە چاخی بیستەمدا ئەوەیە کە دامەزراوە زانستییەکان بخرێنە ژێر چاودێری شەعبیو دامەزراوە دیموکراسییەکانەوە, مرۆڤی ئاسایی واز لە سەرپەرشتیکردنی زانست بهێنێ, بەمجۆرە زانستو زانایان دەبنە خزمەتکاری کۆمەڵگا نەك گەورەی کۆمەڵگا.

ڕەخنەی فیرباند بۆ چەمکی زانست بە ڕەتکردنەوەی ئەو بنەڕەتانەوە بەندە کە خودی چەمکی عەقڵو چەمکی زانستی لە سەری دامەزراوە, ئەو وایدادەنێ کە عەقڵ هەر بە تەنها فاکتەرێك نییە کە رووبەرووی تەقالیدەکانی دیکە دەبێتەوە, بەڵکو

له خودی خۆیدا وەك هەر تەقلیدێکی دیکە وایە, کە وەك پێویست نە باشەو نە خراپە, لە سەر ئەو بنەڕەتە فیرباند پیرۆزیو سێنترالیەتی عەقڵ کە کەلەپوری رۆشنگەری مۆدێنە چەسپاندوویەتی رەتدەکاتەوە. بەو پێیەش عەقڵ لەگەڵ زانست هاوگونجاو نایەتەوە, هەروەك لە تواناشی دانییە بەشداری لە گەشەکردنیدا بکات, بۆیە ئەوانەی کە بە زانست سەرسامن پێویستە لە نێوان عەقڵو زانست پارێزگاری لە یەکێکیان بکەن, لەبەر ئەوەی ناشێ پارێزگاری لە هەردووکیان بکەیت. چونکە رابوونەوەی زانست بۆ خۆی لە دژی عەقلانییەتو لە دژی پەلێو بیانووگەلێکی بەربلاوە کە پێشتر بڕوای پێیان هەبوو, هەروەك چۆن لە توێی ئەو بیانووە بەربلاوانەوە هاتۆتە ئاراوە کە بە دژی

هەستو بە دژی درککردنی هاوبەش کەوتوونەتـەوە, بۆیـە دەبیـنین چـەمکی زانسـت بـە پێـی سـەردەمو زەمـان گـۆڕانی بـە سـەرداهاتووەو دەکەوێتـە ژێـر نیسبیەتو مێژووەوە. ئـەوەش ئـەو نیسـبیەتەیە کـە فیرباند بەرگری لێدەکات, چونکە بەشێکە لە خودی زانست, تیۆری فیزیایی نوێی"زانستی"یش نکۆڵی لێ ناکـات, بـەڵکو دەیسـەلێنێ. بۆیـە وەك فەیلەسـوفێك گاڵتـەی بەوانـە دێ کـە خۆیـان بـە خزمـەتکاریی زانسـتی دادەنـێن, چـونکە دواجـار خودی فەلسەفە بۆخۆی دەبێتە سەرچاوەی زانستو هەروەها ئەو بوارەی کە تەواوی ئەو تیۆرە نوێیانـەی بەرەو زانست دەکەنەوە هەر لەوێوە هەڵدەقوڵێن.

زانایان

لــە دوای ئــەوەوە فیربانــد رەخنــەکانی خــۆی بــۆ هێرشکردنە سەر خودی زانایـان گوازتـەوە, چـونکە ئەوان وادەزانن وەك چۆن پێشـان بـەرگری لـە تـاكو تەنیایی کەنیسەی رۆما دەکرا, هەر بە هەمان شێوە دەیانەوێ بەرگری لە زانست بکەن, پێشـان هـەموو ئەوانەی کە دەکەوتنە دەرەوەی کەنیسە بە بێ مانـاو کافر دادەنران, ئەگەرچی ئێستا کۆمـەڵێك رێگا لـە بەر دەستدایە کە لەوێوە زانایان موناقەشەو مەرایی پێوە بکەن, بەڵام ئەوان دێن پشـت بـە هـەمان ئـەو رێگایانە دەبەستن کە رۆژێـك لـە رۆژان بـۆ گوتـاری ئایینی وەك گەنجینیەك تەماشا دەکرا, ئێستاش بـۆ زانست وەك شـوێنگەیەکی نـوێ تەماشـای دەکـەن, ئــەو جــۆرە لــە پــەیمان بەســتنە توونــدەی نێــوان دامــەزراوەکانی دەوڵـەتو دامــەزراوەکانی زانسـت

لەوێوە بە هێز دەبێ کە وەك چۆن پێشتر کەنیسە بەشێك بوو لە بونیادی سەرەکی کۆمەڵگا بە هەمان شێوەش سەیری زانست بکرێ, بەڵام وەك دەزانین دواتر بە شێوەیەکی ئاشکرا کەنیسە لە دەوڵەت جیاکرایەوە, بەڵام هەتاکو ئێستاش دەوڵەتو زانست بە یەکەوە کار دەکەن, زانایانیش جێگای پیاوانی کەنیسەیان گرتۆتەوە, بۆیە لێرەدا خودی کۆمەڵگا دەبێتە ملکەچی گوتەزاکانی پیاوانی زانست, ئەوەش لەوەوە دێ کە زانست وەك پێوانەی راستیو حەقیقەت سەیر دەکرێ, رێگای رزگاریو سەرفرازیش لە راستیو حەقیقەتەوەیە.

بۆ ئەوەش نموونەی ئەو مانیڤیستە دەهێنێتەوە کە لە ساڵی (1975) لەلایەن کۆمەڵێك لە زانایان کە ژمارەیان (168) زانا بوو (19)ش لەو

زانایانــە هــەڵگری خــەڵاتی نۆبــڵ بــوون بــە دژی زانســتی ئەســتێرەگرتنەوە ڕاگەیانــدرا. خوێندنــەوەی ئەو مـانیڤێسته ئەوەمان بۆ کەشـف دەکـات کـە لـە پشــت ئــەو بانگەشــەکردنە جگــە لــە پیاهەڵــدانی بابەتخوازیو پاکێتیو عەقڵانییـەت شـتێکی دیکـە وجـودی نییــە, دواجـار ئـەو مـانیڤێسـتە هــەڵگری کۆمــەڵێك مــژدەی ئایینییــە, ســەرەڕای ئــەوەی لــە پشت نمایشکردنی ئـەو مـانیڤێسـتەوە فاشیسـتیەت کاری خۆی دەکرد, ئـەگینا ئەگـەر ئـەو زانایانـە بـۆ خۆیان قەناعـەتێکی بـە هێزییـان هـەبێو بیانـەوێ دەسەڵاتی خۆیان لە پێناو ئەو قەناعەتەوە بخەنە کار (168) ئیمــزا بۆچــی کۆدەکەنــەوە, لــە کاتێکــدا چەسپاندی ئەو مەسەلەیە هەر تـەنها بیـانووی تاکـە کەسـێکی بەسـە. بـەڵام ئـەوان وەك لـە گفتوگـۆی

رۆژنامەکان دەردەکەوێ, هەر بۆ خۆشیان نازانن لەچی دەدوێن, هەندێکیان بە هیچ شێوەیەك زانستی ئەستێرەگرتنەوەیان نەخوێندۆتەوەو لە بارەی ئەو فیکرەوە هیچ شتێکیان پێ نییە. لێرەوە فیرباند قسە لە راستبێژی رەها دەکات کە پێیوایە شان بە شانی نەزانی رەها رێگا دەبڕێ. ئەگەر تەماشای مانیڤێستی ئەو زانایانە بکەین دەبێ بڵێین بە داخەوە, چونکە لە بەرامبەر ئەو مانیڤێستەشدا دەبینین زانستی ئەستێرەگرتنەوە بە شێوەیەك تەواوی دنیای گرتۆتەوە, دەتوانیین لەگەڵ مانیڤێستی (پاپایی) کە گومڕایانی پێ وشیار دەکرێتەوە وەك هاودەق سەیرییان بکەین, ئەوەش تەواو لەگەڵ گوتەی زانا هاوچەرخەکان پێچەوانە دەکەوێتەوە, چونکە نە ئەوان دەتوانن بەو

هێرشکردنه (زانستی ئەستێرەگرتنەوە) لـه خۆیـان دوور بخەنەوە, نه مەعریفەش ئەمرۆ هێندە بێ هێزە لە بارەی ئەو بابەتەوە تاکو بیـەوێ هـەوڵی گـۆڕینی بدات.

فیرباند ئەو مانیڤێستە وا وەسف دەکات کـه پشـتی بە ئەنترۆپۆلۆژیای بەر لە تۆفان بەسـتاوە, هـەروەها ئەو مەودایەش دەخاتـەروو کـه زانایـان خۆیـان تیـا ئامـادەکردووە تـاکو دەسـەڵاتی خۆیـان بـە سـەر کۆمەڵێك بوار بچەسپێنن کـه ئەسـڵەن هـیچ جـۆرە مەعریفەیەکییان لە بارەوە نییە.

هـەروەها ئەوانـەی بـە بیـانووی جێگیربـوون و سـەرکەوتن و زێـتر پەسـەندی بـەرگری لـه زانسـت دەکـەن, فیرباند پێیـان دەڵـێ کـه ئـەو جـۆرە سـەرکەوتنە لـه دەرئـەنجامی لێکۆڵینـەوە یـان

بیـــانووەوە نەکەوتۆتـــەوە, بـــەڵکو دەرئـــەنجامی پاڵەپەســـتۆی سیاســـیو دامـــەزراوەکانو خـــودی عەسـکەرتارییەتە, بۆیـە پێویسـت ناکـات هیچـی دیکـە لـە رێگـەی بەخششـەکانی زانسـتەوە دوای پیاهەڵدانی زانست بکەوین, بـەڵکو فیربانـد پێمـان دەڵێ ئەگەر پیاهەڵـدان راسـت بکەوێتـەوە ئـەوە لـە سـەرمان پێویسـتە کـە زۆر بـە حەماسـەتو سـەد ئەوەندە بە ئەفسانە هەڵبلێن, چونکە بەخششـەکانی زۆر گەورەترە, بـە پلەیـەك کـە قـابیلی پێوانـەکردن نییــە, لــە کاتێکــە کــە داهێنــەری ئەفســانە بــە بونیادنـــــانی رۆشـــــنبیریی هەڵســـــاون کـــــاری عەقڵانیخوازەکان ئەوە بووە کـە بـە تـەواوی گـۆڕان بـە سـەرئەو رۆشـنبیرییە بهێـنن, بـەڵام لـە زۆربـەی جـاردا تـەنها ناشـتوانن شـتێکی باشـتر لـەوان

پێشکەش بکەن, بەمجۆرەش زانست هەر تەنها وەك ئایدیۆلۆژیایەك لە ئایدیۆلۆژیەکان دەمێنێتەوە, هەتا لە دەوڵەتیش نەکرێتەوە ناتوانێ وجودی خۆی پراکتیزە بکات.

سەرچاوە:

لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوە (رەزوان جەودەت زیادە) نووسیویەتی

بڕوانە: www.alimbaratur.com

ناوەڕۆك

1- پێشەکی...ل5

2- ستراتیژییەتی جیاوازی لای دریدا..............ل21

3-دریـــــدا: هەڵوەشـــــانەوەی فەلســـــەفەی
ئامادە.....ل38
4-کاریگـــــەری بونیادگـــــەری لـــــە ســـــەر
فەلسەفە....ل63
5-بـــــــــــــــــــــــــــــــــــەهای
هەڵوەشانەوەگەری.........................ل83
6-چـــــــەمکی زانســـــــتیو رەخنـــــــە
لە...................ل103